

## زاهیر محەمەد:

## لە هونەردا سێوە قوتابخانەیەکی تایبەتییە و لە هیچ جێگەیەک وێنەی نییە.. لە کۆیەش گۆرانی و مۆسیقا مۆرکێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٤ – ٥)

* ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە، زاهیر محەمەد ئیبراهیم قادرە، لەبەر خۆشەویستی لە کوردستان و لەناو خەڵکیدا، بە زاهیر مەردانە ناسراوە، هونەرمەندێکی فرەبەهرە و پڕ بەخشش و خاوەن بەرهەمی جۆراوجۆرە، زۆر بە ڕوونی جێدەستی بەسەر هونەری مۆسیقا و ئاوازدانان و گۆرانی و سروودی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندانی شارەزای بواری هونەر و چاودێران شایەدی بۆ دەدەن کە خزمەتێکی زۆری بە کایەی هونەر و گۆرانیی کوردی کردووە. ئەم هونەرمەندە وەک موزیکژەن، سەرەتا شمشاڵ و نای تەختە، دواتر کەمان و عودی ژەنیوە، ئەوجا وەک ئاوازدانەر، لە ئامادەکردنی گۆرانی کۆن و فۆلکلۆری کوردی بۆ گۆرانیبێژان دەرکەوتووە، پێشەکی مۆسیقای بۆ زۆر لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی کورد داناوە.

* هونەرمەند زاهیر محەمەد، بێجگە لەوەی لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا کار و بەرهەمێکی زۆری هەیە، لە بواری نووسینیشدا ئەوەندەی دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبێ، بە پێی توانایی خۆی خزمەتی کردووە. یەکەم نۆبەرەی چاپکراوەکانی بەناوی (ڕەنگاوڕەنگ)، لە ١٩٧٠/٧/١٠، لە چاپخانەی (الشمال)ی کەرکووک چاپکردووە، ناوەڕۆکی کتێبەکەی بریتییە لە تێکستی زۆربەی ئەو شیعر و سروود و هۆنراوانەی خۆی ئاوازی بۆ داناون و لە ئێزگەی کوردیی بەغدا تۆمار کراون، بەڵام بە هۆکاری تەکنیکی نەیتوانیوە نۆتەی گۆرانییەکانی لەگەڵ دابنێ، نەشیتوانیوە ئەو نۆتانە بە زەنگوگراف بڵاو بکاتەوە، چونکە تێچووی ئەو کارە بۆ ئەو زۆر بووە، لە ناویاندا نۆتەی هەندێ لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک هەبوون کە لە ساڵی ١٩٦٧، لە

سلێمانی لەگەڵ هونەرمەندان؛ (ئەنوەر قەرەداغی، شەوکەت ڕەشید و سەلاح ڕەشید)ی برای لە ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید بۆیان تۆمار کردووە. دوای چەند ساڵێک کتێبی: هونەری ڕەوانبێژی – وتارسازی (فن الألقاء) کە کتێبی دووقۆڵیی سامی عەبدولحەمید و بەدری حەسوون فەریدە، بە دەستکارییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ٢٠٠٧، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆی چاپ کردووە. هەر ئەو ساڵە (٢٠٠٧)، کتێبێکی دیکەی بەناوی (ئاشنا، ئەو شاعیرەی خۆی و شیعرەکانی تیرۆرکران!)، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دواتر کتێبێکی دیکەی بەناوی: (کۆمەڵێک بابەتی بەپێز، پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک بیزانێت!)ی وەرگێڕاوەو لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لەسەر گیرفانی خۆی چاپی کردووە، دواجار بنکەی مەقام لە ساڵی ٢٠١٢دا، نامیلکەیەکی بەناوی (دەنگ و ئاوازە کوردییەکان)ی بۆ لە چاپداوە کە نووسینێکی ڕەخنەگری هونەریی بەناوبانگ (عادل هاشمی)یە و لە زمانی عەرەبییەوە وەری گێڕاوە.

* بێجگە لەو کتێبە چاپکراوانەی، کۆمەڵێک دەستنووسیشی هەیە کە چاوەڕێی لە چاپدانن، لەوانە: (چۆن لە ژیانتدا سەرکەوتوو دەبیت)، نووسینی زانای کۆمەڵناس کلود بریستول کە لە ساڵی ١٩٧٦، لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. دەستنووسێکی دیکەی (بنچینەی فێربوونی مۆسیقا)یە، نووسینی ئەدۆلف دانهاوزەرە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە. دەستنووسێکی دیکەی بەناوی (کۆیەی دواڕۆژ)ی هەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢ نووسیویەتی. (بەختیاری ڕاستییە، یان ئەندێشە)، کە سەبری مەقدسی نووسیویەتی، لە ساڵی ٢٠١٤ لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. (ڕۆشنبیری و گەڕی نوێبوونەوە)، دیسان نووسینی (سەبری مەقدسی)یە، هەر لە ساڵی ٢٠١٤، لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەو دەستنووسانەی باسمان لێوە کردن، ساڵانێکە نووسیونی و وەری گێڕاون، چاوەڕێی



زاهیر محەمەد- ئازاد عەبدولواحید

هیمەتی دەزگایەکی چاپکردنن بۆی لە چاپ بدەن.

* سەرەڕای نووسین و وەرگێڕانەکانی کە تا ئێستا بەشێکی لێ چاپ کردوون و بەشێکیان چاوەڕێی چاپ کردنن، زیاتر لە (٥٠) ساڵە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغدا و سلێمانی و هەولێر و کۆیە، وتاری جۆراوجۆری نووسیوە و وەرگێڕاوە و پەیتا پەیتا بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بوون: ڕۆژنامەکانی: ئازادی، هاوکاری. گۆڤارەکانی: بەیان، ڕەنگین، هەنگ، گەپ، پەیژە، چلاواز، نووسەری نوێ، مێرگ، هەرێمی کوردستان، کەکۆن، ڕامان، کە لە بارەی هونەر و شیعر و ئەدەبیات و منداڵ و مێژوو، بیروڕای خۆی دەربڕیوە و زۆر بابەتی سەرنجڕاکێش و بە کەڵکیشی وەرگێڕاوە.

* بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێک سەرۆکی تیپی باواجی کۆیە بووە و لەبەر تۆمارکردنی گۆرانییەکانی ئەو تیپە و سازکردنی ئاهەنگی بەردەوام لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، دوای ساڵی ١٩٧٠ و کەشوهەوای سازگار و لەباری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی، ناوی ئەو هونەرمەندە، بە هەوادارانی هونەر ئاشنا بووە، بە تایبەتیش کە سەروکاری تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەی کردووە، ئەوەی زیاتر ئەو تیپەشی پێ ناسراوەتەوە، ئەو مۆرکە تایبەت و ڕەسەنەی

میلۆدییەکانی بووە، کە زۆر بە ڕۆح و هەست و گوێچکەی گوێگران و بینەرانی ئەو ئاواز و گۆرانییانە شیرین و دڵگیر بوون و جێگەیان لە دڵ و دەروونیاندا کردبووەوە، چونکە میلۆدییەکان هەڵقوڵاوی ناو هەناوی خەڵکی دەڤەرەکە و وراتی کۆیە بوون، یان درێژەپێدەری هونەری باڵای کەسانی گەورەی وەک ئەمیناغای ئەختەر و ڕەشیداغای حەوێزی و مەرێن و حەنیلە خڕە و سێوە و حاجییە گەورە و مەلا ئەسعەد و مەلا ئەحمەدە کۆر و محەمەدئەمین عەباس و تایەر تۆفیق و باکووری و خالید دلێر و.. و.. بووە، ئەو میلۆدیانەش نەک هەر لەناو دڵ و دەروون و هەست و نەستی هەموو تاکێکی کۆیی، بگرە لە دڵ و دەروون و یادەوەری هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستاندا کاریگەرییان هەبووە و جێگەی خۆیان کردووەتەوە.

* زاهیر محەمەد کوڕی خانەوادەیەکی ئایینی و ئەدەب پەروەر بووە، باوکی مەلا محەمەد ئیبراهیم دلاوەر(ئیمام و خەتیبی مزگەوتی حەتک) شاعیر بووە و زۆر حەزی بە شیعر و ئەدەبیات کردووە، زانایەکی ئایینی کراوە و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی سەردەمی خۆیەتی، شاری کۆیەش بۆ خۆی مەڵبەندی شاعیران بووە، بۆیە هەر زوو بەناوی شاعیرە گەورە و کاریگەرەکانی ئاشنا دەبێ، بێجگە لە شاعیرانی کۆیە، وەک خوێنەرێکی باشی شیعری کوردی و شاعیرە گەورەکان، شیعری باڵای بۆ ئاوازەکانی هەڵبژاردووە، ئەو کە تا ئێستا (١١٤) ئاوازی داناوە، هەوڵی داوە شیعری شاعیرە باشەکان هەڵبژێرێ و ئاوازیان بۆ دابنێ و بیداتە ئەو گۆرانیبێژانەی ئاوازەکانی دەڵێن، کە ئەو شاعیرانە ژمارەیان زۆر بووە، لە ناویاندا شاعیرانی کلاسیک تا شاعیرانی سەردەمی نوێی گرتووەتەوە، لەوانە: ئاوازی بۆ شیعری نالی و سالم و کوردی و حاجی قادری کۆیی داناوە، ئاوازی بۆ (١٤) شیعری عەونی، (٨) شیعری ئەحمەد دڵزار، (٦) شیعری هێمن، (٤) شیعری کەریم شارەزا، (٣) شیعری د. مستەفا زەنگەنە، (٢) شیعری جەلال جۆبار، (٢) شیعری کامەران موکری، (٢) شیعری مەدحەت بێخەو، (٢) شیعری ڕەهبەری سەید برایم، (٢) شیعری ڕەمەزان زامدار، (١) شیعری مەدهۆش، (١) شیعری نەسرین مستەفا، لەگەڵ سروودی پێشمەرگە، کە شیعری زەینەب خادیمی سەجادەیە، وێڕای ئەوەی ئاوازی بۆ چەند شیعرێکی خۆشی داناوە.

* گەشتی ئاوازدانانی م. زاهیر محەمەد لە شەستەکانەوە دەست پێ دەکات، لەو کاتەوە کە قوتابیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا — بەشی مۆسیقا بووە، یەکەم جار ساڵی ١٩٦٠، لەسەر داوای هاوڕێیەکی عەرەبی بەغدایی کە ئەویش لە پۆلی سێی بەشی مۆسیقا بووە، بە ناوی مەهدی عەلی، کە لە پۆلی یەکی پەیمانگە بووە، ئاوازی بۆ تەوشیحێکی ئایینی بەناوی (طلع البدر علینا، من ثنیات الوداع) داناوە، ئەو هاوڕێیەی کە لە قوتابخانەیەکی تێکەڵاوی بەغدا کۆتایی ساڵ تەتبیقی کردووە، نۆتەی بۆ ئاوازەکەی نووسیوەتەوە، ئێستا ئەو سروودە ئایینییە بە هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام زۆر دەستکاری کراوە و ناوی ئەویشیان لەسەر لابردووە. ئاوازی بۆ زۆر دەنگخۆش و گۆرانیبێژی کورد داناوە، کە لەناو ئەوانەدا ئافرەتان و پیاوان و لاوان هەن، لەوانە: ئەنوەر تاهیر، عەدنان جەمال، عەبدوڵڵا دڵسۆز، قادر ئەحمەد، سەلاح پشدەری، قاسم فەرەجوڵڵا، گوشاد کەمال، دلێر سادق، ئیسماعیل شەیدا، کە هەندێ لەوانە کۆچی دواییان کردووە، هەروەها ئاوازی بۆ چەند خانمێکی دەنگخۆشیش داناوە لەوانە: تارا ڕەسووڵ، دڵنیا قەرەداغی، دیمەن جەلال جۆبار، شنۆ ئیبراهیم.

* هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەست پێکردنی کاروانی هونەریی، لە ساڵی ١٩٥٧ بووە، ئەو ساڵە بەخت یاوەری بووە، م. باکووری وەک هونەرمەند و مامۆستای زمانی ئینگلیزی هاتووەتە قوتابخانەکەیان

کە ناوی ناوەندیی کۆیە بووە، دوای ماوەیەک هەوڵی داوە چەند چالاکییەکی هونەری پێشکەش بکا، ئیدی لەو قوتابخانەیەدا چەند قوتابییەکی ئارەزوومەندی بواری هونەری مۆسیقای هەڵبژاردووە، زاهیر محەمەد یەکێک لەو قوتابیانە بووە، هەر ئەویش لەو کات و سەردەمەدا بەهونەری مۆسیقای ئاشنا کردوون و ڕۆژانە دوای نیوەڕۆیان لە ژووری نیگارکێشان ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوکاتە خوێندنی قوتابیان چوار وانە بووە، ئێوارانیش دوو وانەیان خوێندووە و لەسەر چەند ئامێرێک ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوە بوو لەم سەرەتایەوە زاهیر محەمەد و ئیبراهیم فەرەجوڵڵا بە کەمان، ئەکرەم باقی بە عود، سەردار ئەحمەد بە نای، نەشئەت حەمید بە دەف، عەونی عەلی بە تەپڵ بەشداربوون، کە ئەو قوتابییە بەهۆی ئەوەی باوکی مەعاونی پۆلیس بووە، هاتوونەتە شاری کۆیە، کە لە بنەچەکدا خۆیان خەڵکی شەنگال بوون، دوای ماوەیەک لە کۆیە نەماون و باریان کردووە.

* بە سەرپەرشتیی م. باکووری، لەو قوتابیانە تیپێکی مۆسیقای بچووک، وەک چالاکیی قوتابخانە دادەمەزرێنێ و چەند چالاکییەکی سنوورداریان لە قوتابخانەکەیان بۆ دایکان و باوکانی قوتابیان پێشکەش کردووە، هەر خۆشیان تیپەکەیان ناو ناوە (باواجی)، دوای ساڵ و نیوێک تیپەکە لە چالاکی نواندن وەستاوە، چونکە قوتابییەکان هەریەکەیان بە لایەکدا ڕۆیشتوون، زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر لە بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراون، ئەو سەردەمە لە هەموو عێراقدا، تەنیا لە بەغدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەبووە، ساڵی ١٩٦٠یش مامۆستا باکووری چووەتە شاری هەولێر، ئەکرەم باقی بووەتە سەرباز، ئیتر تیپەکەیان نەماوە، لە ماوەی ئەو (٣) ساڵەی لە پەیمانگە بووە، لە ئاهەنگەکانی پەیمانگە و کۆلێژەکانی بەغدا و ئێزگەی کوردی، بەشداری زۆر چالاکیی هونەری کردووە. ساڵی ١٩٦١ تیپی ئۆرکێسترای ڕۆژهەڵاتی لە بەغدا، بەسەرپەرشتیی مامۆستاکەیان حیسام چەلەبی دادەمەزرێ، زاهیر محەمەد دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیپی ئۆرکێسترایە و وەک ژەنیاری کەمان وەردەگیرێ، ئەو ماوەیەی لەو تیپەدا بووە، لە تەلەڤزیۆنی بەغدا، بە شێوەی زیندوو بەرهەمێک پێشکەش دەکەن، لە هەمان کاتیشدا بەرهەمەکەیان بە ڕەش و سپی تۆمار کردووە.

* دوای ئەوەی پەیمانگە تەواو دەکات، لە شاری (کوت)ی خوارووی عێراق، وەک دوورخستنەوەیەک بە مامۆستا لە چالاکیی قوتابخانەکان دایدەمەزرێنن، دوای نیوەڕۆیانیش لە هۆڵی قوتابخانەی (هودا)ی کچان، کۆمەڵێک قوتابی فێری مۆسیقا دەکا و لەسەر ئامێری کەمان، عود، ئۆکۆردیۆن، ماندۆلین، تەپڵ، دەف، جاز، ڕاهێنانیان پێ دەکا و تیپێکی باشیان لێ دروست دەکات و لەو شارەدا چالاکیی زۆر دەنوێنن، بەرچاوترین و گرنگترینیان بەڕێوەبردنی ئاهەنگی کردنەوەی کتێبخانەی گشتی بووە، ئەم چالاکییە لە قەزای (صوێرە) کراوە کە عەبدولکەریم قاسم خەڵکی ئەوێیە و خۆشی لەوێ ئامادە بووە، هەر لەو کاتەدا فیستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی (کیندی) لە بەغدا هەبووە، ئەو ڕۆژە هەموو شاندە بەشداربووەکانی ئەو فیستیڤاڵە، لە (صوێرە) ئامادە دەبن، لەوانە وەزیری مەعاریف ئیسماعیل عارف، لەگەڵ پارێزگاری کوت و (ئەنوەر ئامر)ی زاوای عەبدولسەلام عارف و زۆر بەرپرسی دی. دوای (٣) ساڵ مانەوەی لەو شارەدا، لە ساڵی ١٩٦٥ دەگوێزرێتەوە شاری کۆیە، لەو کاتەوە لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی شارەکەی هەوڵێکی زۆر دەدا تاکوو تیپێکی مۆسیقای (ئەهلی) دامەزرێنێ، م. زاهیر محەمەد پێی وایە هەڵەیەکی مێژوویی کراوە کە جارێکی دی ناویان لە تیپەکەیان ناوەتەوە (تیپی مۆسیقای باواجی)، چونکە ئێستاش هەندێ کەس وا دەزانن ئەو تیپە هەر (تیپی مۆسیقای باواجی)یەکەی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیەیە.

* تیپی مۆسیقای باواجی لە هەموو شارەکانی کوردستان، لە ئاهەنگە جۆراوجۆرەکاندا چالاکی هەبووە و بەشدار بووە، لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٤ لەسەر

ئاستی هەموو تیپەکانی کوردستان یەکەم بووە، بێجگە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی کە ئەوان لەبەر زۆریی ئەندامانی بەشداربوویان، بە پلەی (ئیمتیاز) دەرچوون، واتە نەخرانە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکەوە. لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، لە ساڵی ١٩٧٢، مۆڵەتی فەرمیی تیپەکە لە وەزارەتی (ئیعلام)ی عێراقی بۆ وەردەگرن و (١٠) کەس وەک دەستەی دامەزرێنەر دەبنە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر. لەو ماوەیەی لە تیپی مۆسیقای باواجی-دا کاری کردووە، ژمارەیەکی زۆر ئاوازی داناوە و گۆرانی ئامادە کردووە، بەڵام کەمێکیان لێ تۆمار کراون، ئەوانەی تۆمار نەکراون بە نۆتە نووسراونەتەوە و لە دووتوێی کتێبدا بۆ چاپکردن ئامادەکراون. دوای ئەوەی تیپی مۆسیقای باواجی بەرهەمێکی زۆر و چالاکی و ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ، لە ساڵی ١٩٧٤، دوای ئەوەی حکوومەتی بەعس شەڕی بەسەر کورددا سەپاندەوە، ئەو تیپە بە بڕیارێکی ستەمکارانەی ڕژێم هەڵوەشاوەتەوە و ماوەی (٩) ساڵ لە کار و چالاکی وەستاوە، تا جارێکی دی لە ساڵی ١٩٨٢ سەرلەنوێ مۆڵەتی ڕەسمی بۆ دامەزراندنەوەی وەردەگیرێ.

* لەو ماوەیەی تیپەکە هەڵوەشاوەتەوە، لەگەڵ هونەرمەند سەردار ئەحمەد لە مەڵبەندی لاوانی کۆیە بە (موحازەرە) وانەی مۆسیقایان گوتووەتەوە، هەر لەو کاتەشدا تیپێکی مۆسیقا بەناوی (مەڵبەند)ـەوە دادەمەزرێنن کە بەشداری ئاهەنگی ناو شار و دەرەوەی کۆیەشیان کردووە، هەروەها لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاوان لە شاری حیللە بەشدار دەبن، جارێکی دیکەش لە شاری (سەماوە — موسەننا) بەشداری لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاواندا دەکەن. ئێستا کە لە ساڵی ١٩٩٦وە لە شاری هەولێر دەژی، ناوبەناو لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی، بەشداری هەندێ چالاکی دەکات و لە هەندێ بۆنەدا وەک یادی تایەر تۆفیق و ڕۆژی هونەر لە کۆیە بەشداری کردووە. لە ساڵی ٢٠١٩دا لەگەڵ ئەو تیپە کۆنسێرتێکی گۆرانی لەسەر شانۆی (سەنتەری لاوانی کۆیە) پێشکەشی جەماوەری کۆیە کردووە کە (٨) گۆرانی نوێ بووە، ئێستا لە تۆمارگەی (هیوا) لە کۆیە، بە CD دەفرۆشرێ و ڕەواجێکی زۆر باشیشی هەیە.

* م. زاهیر محەمەد لە ژیانی هونەریی خۆیدا، بەهۆی بەخشش و کار و چالاکییە زۆروزەوەندەکانی، چەندان جار بە خەڵات و ڕێزلێنان و سپاسنامە لەلایەن داوودەزگا فەرهەنگی و حکوومییەکانەوە بەسەر کراوەتەوە، هەندێ جار وەک ئەندام و سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقای باواجی و هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ ڕێز لە خۆی نراوە، لەوانە: خەڵاتی بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان، لە (بەرلین)ی ڕۆژهەڵات، تەمموزی ساڵی ١٩٧٣. بەشی ڕۆشنبیری و هونەریی کۆمپانیای (چوارچرا)، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/٥، لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەوە (عیرفان عەبدولڕەحمان زەنگەنە)، ڕێزی لێ گیراوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی ڕێزلێنانی لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری، فەلەکەددین کاکەیی و وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە. لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٥، لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری سامی شۆڕش، بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە. لە ٢٠٠٦/٣/٣١ کە ڕۆژی هونەرە لە کوردستان، لەلایەن پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر نەوزاد هادی ڕێزی لێ نراوە. لە بنکەی مەقام کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، لەبارەی لاوک و حەیران کۆڕێکی گێڕاوە و قسەی کردووە، ئەوانیش لە پای ماندووبوونەکەی ڕێزیان لێ ناوە، هەروەها لە یادی هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق، دوو ساڵ لەسەر یەک ٢٠١٤/١٠/٢٢ و ٢٠١٥/١٠/٢٢ خەڵاتیان کردووە، ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧، لە کۆیە خەڵاتی (سەید برایم)یشی پێ بەخشراوە.

* لە پاش ئەوەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا لە بەشی کەمان (ڤیۆلۆن) وەردەگیرێ و دەگاتە ئاستێکی زۆرباش لە ژەنینی ئەو ئامێرەدا، بەڵام ئێستا بەهۆی تەمەنەوە پتر خەریکی عودژەنینە. جارێکیان لە پشووی نیوەی ساڵ کە گەڕاوەتەوە

کۆیە، هەر ئەو کاتە سەردانی سلێمانی دەکات و لەوێ حەمەساڵح دیلان-ی شاعیر و دەنگخۆش و هونەرمەند (قادر دیلان)ی برای دەکات، ئەوکاتە حەمەساڵح دیلان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی فەرمانبەر بووە کە بیناکەیان بەرانبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ بینینی هەردوو هونەرمەند نەجاتی عەبدە و حاتم سەعید کە بە (حاتەمەڕەش) ناسراوە، چووەتە شارەوانی سلێمانی، هەر لە شارەوانی هونەرمەند جەمال بەختیاری دیوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەموویان (بێجگە لە حەمەساڵح دیلان) لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی یەکدەگرنەوە، هەندێ گۆرانی بە تۆمارکەری گرۆندیک بە بەکرە (تێپ) تۆمار دەکەن، کە یەکێکیان گۆرانی (باران بارانە) بووە و بە دەنگی قادر دیلان وتراوە، زاهیر محەمەد و ولیەم یوحەننا بە کەمان و هونەرمەندەکانی دیکەش هەریەکەیان بە ئامێرەکانی خۆیان مۆسیقایان بۆی ژەنیوە.

* پێوەندی هاوڕێیەتی و دۆستانە و هونەریانەی م. زاهیر محەمەد لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام بووە، ئەو پێوەندییە لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە کە هونەرمەند پۆلی دووی ناوەندی بووە، کاتێک هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای مەولەوی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ زیان لێکەوتووان و لێقەوماوانی شاری سلێمانی، بەهۆی لافاوەکەی ڕۆژی ١٩٥٧/١٠/١٨، هاتوونەتە کۆیە و ئاهەنگێکی گەورەیان ساز داوە، هەر ئەو کاتە لەلایەن خەڵکی کۆیەوە وەک کۆمەک و یارمەتی، بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ کۆدەکەنەوە، هاتنی ئەو هونەرمەندانە بۆ کۆیە، زۆر کاریگەری بەسەر ئەم هونەرمەندەوە هەبووە، کە بۆ یەکەم جار تیپێکی مۆسیقای دیوە و ڕاستەوخۆ گوێی لە مۆسیقا و گۆرانی بووە، ئیتر لەو کاتەوە مەیل و ئارەزووی بۆ هونەر جووڵاوە و پەرەی سەندووە، ئەمە هەر ئەو ساڵە بووە کە م. باکووری هاتووەتەوە کۆیە و لەناوەندیی کۆیە وانەی ئینگلیزی پێ گوتووەتەوە، م. باکووری و سێوە لەو ئاهەنگە گەورەیەی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە گۆرانی و مەقام و مۆسیقا بەشداربوون. بۆ ساڵی دواتر، لە هاوینی ١٩٥٨، لەسەر داوا و بانگهێشتی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، تیپی مۆسیقای مەولەوی بەسەرپەرشتیی قادر دیلان، ئاهەنگێکی گەورەی هونەری پێشکەشی جەماوەری شاری کۆیە دەکەن، خەڵکێکی زۆر لەناو یانەی فەرمانبەران و سەر گردی قشڵەی کۆیە، ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن، لەو ئاهەنگەدا، لەسەر داوای قادر دیلان، بە ئامێری عود، ژەنینێک پێشکەشی ئامادەبووان دەکات.

* من بۆ خۆم هونەرمەند زاهیر محەمەد، لە ساڵی ١٩٧٣وە لە نزیکەوە دەناسم، ئەو کاتە زووزوو سەردانی شاری کۆیەم دەکرد، بەهۆی ئەوەی هونەرمەند ئازاد بیلال بەهائەددین ماڵیان بەرانبەر ماڵی خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی-م بوو، چونکە لەو کاتانەدا زۆر هاموشۆی ماڵیانم دەکرد، لەبەر ئەوەش کە وەک کەمانژەنێک ئەندامی تیپی باواجی کۆیە بوو، لەولاشەوە کوڕە پوورێکم کە ناوی ئەمیر مستەفا (دڵبەند) لەو تیپەدا کۆرس بوو، بۆیە زۆر ئێوارەی ئەو ڕۆژانەی لە کۆیە دەبووم سەردانی تیپی مۆسیقای باواجی-مان دەکرد، ئەوان خەریکی ڕاهێنانەکانی خۆیان بوون، منیش وەک گوێگرێک و بینەرێک لەوێ دادەنیشتم. لەمێژ بوو دەمویست گفتوگۆیەکی قووڵ و بەرفراوان لەگەڵ م. زاهیر محەمەد بکەم، بۆ ئەوەی کارێک بێ لە قەبارە و گەورەیی بەخششەکانی بوەشێتەوە، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٦ لە بەشی یەکەمی گفتوگۆکەمان چەند سەعاتێکم تۆمار کرد، بەڵام تەواومان نەکرد و مایەوە، تا لەو دواییە تێهەڵچووینەوە و چەند بەشێکی دیکەمان لە یادەوەرییەکانی تۆمار کرد، لە گفتوگۆکەدا بە تێروتەسەلی باسی هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی هونەری و نووسینەکانی کرا، بیروڕای ئەومان لەبارەی زۆر لایەنی گرنگی هونەری و هونەرمەندەکان وەرگرت، ئێستا کاتی ئەوەیە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هەڤپەیڤینەکەمان بخوێننەوە و بە بیروبۆچوون و کار و بەرهەم و بەخششەکانی ئاشنا بن.

**ڕامان:** چەند ئاوازت بۆ مەلا ئەنوەر تاهیر دانا؟

**زاهیر محەمەد:** مەلا ئەنوەر تاهیر چوار پێنج گۆرانیم بۆ دانا.

**ڕامان:** هەمووشیان شیعری نوێ بوون؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، چەند ئاوازێکم بۆ عەدنان جەمال-یش دانا، دوو گۆرانیم بۆ تۆمار کرد، ئەوەی کە لە ئێزگەی کوردی تۆمار کرا، ئەوانە دەڵێم، گۆرانییەکی هەبوو شیعری فەرهاد عەونی بوو.

**ڕامان:** دیارە فەرهاد عەونی-ی خۆمان سەرەتاکانی بە شیعر دەست پێکردووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، شیعرەکە ئەو بۆی دانابوو، ئاوازەکەش عەدنان جەمال خۆی داینابوو، «پێشەوایە، پێشەوایە، عەبدولکەریم پێشەوایە»، کاتێک عەبدولکەریم قاسم نەما، نەیاندەهێشت سروودەکە تۆمار بکات، ئەو کاتە من لە کوت بووم، هات گوتی شیعرەکەم بۆ بگۆڕە و شیعرێکی نوێم لەسەر ئاوازەکە بۆ دانێ، با ئەو ئاوازەم نەفەوتێ، ئەوە بوو شیعرێکم بۆ دانا، «وا بەهارە، وا بەهارە»، ئەوەی تۆمار کرد.

**ڕامان:** شیعرەکە خۆت داتنا؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو ئاوازەکەی هەبوو، من شیعرەکەم بۆ دانا، پێشتر بە خۆی ئاوازەکەی دانابوو، دوایی گۆرانییەکم لەسەر هاوینەهەواری سۆلاف هەبوو کە شیعری دڵزارە، بەبێ ئاگاداری من چووبوو لە ئێزگەی کوردی تۆماری کردبوو.

**ڕامان:** چۆن لە خۆیەوە تۆماری کردبوو؟

**زاهیر محەمەد:** گۆرانییەکی بردبوو لە ئێزگە تۆماری بکات، چونکە گۆرانی تۆمار کردن بە نۆرە بوو، ئەو گۆرانیبێژانەی لە ئێزگەی کوردی گۆرانییان تۆمار دەکرد، ڕۆژێکیان بۆ دادەنان و بە هەریەکێکیان دەگوت ئەو ڕۆژە نۆرەی تۆیە، بۆ ئەوەی ڕاهێنانی لەسەر بکات و بۆی تۆمار بکەن، ئەویش گۆرانییەکی بردبوو، ئەوان گۆرانییەکەیان ڕەت کردبووەوە، گوتبوویان بۆ تۆمارکردن دەست نادا، ئەگەر گۆرانییەکی دیکەت هەیە بیهێنە، ئەو کە گۆرانییەکەی منی لەبەر بوو، سۆلاف، گوتبووی ئەوەم هەیە، ئەوە بوو بۆیان تۆمار کردبوو، بەبێ ئاگاداریی من ئەوەی کردبوو. دوایی هاتە لام و کراسێکی بۆ هێنام، گوتی ئەو کراسە دیاری بێ، ئەو ئیشەم بەبێ ئاگاداری تۆ کردووە، گوتم تازە ئەوە کردووتە، دەسەڵاتم چییە.

**ڕامان:** ئەی بۆچی ئەو گۆرانییانەی کە لە ئێزگە تۆمار کران، دوایی لە تەلەڤزیۆن تۆمار نەکران؟

**زاهیر محەمەد:** ئاخر ئێمە وەک تیپی باواجی، گۆرانی و بەرهەمی خۆمان هەبوو، خۆ عەبدوڵڵا دڵسۆز لە تیپی باواجی نەبوو.

**ڕامان:** هونەرمەندەکان بۆچی خۆشیان هەوڵیان نەدا لە تەلەڤزیۆن گۆرانییەکان تۆمار بکەن، چونکە ئەو گۆرانیانە زوو لەبیر چوونەوە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوەیان نازانم.

**ڕامان:** ئەگەر گۆرانییەکان لە تەلەڤزیۆن هەبووبان، زیاتر لە یادەوەری خەڵکیدا دەمانەوە.

**زاهیر محەمەد:** ئێمە بەرنامەی خۆمان هەبوو، لە تیپ بەرهەممان ئامادە دەکرد، بۆ پشکنین و پەسندکردنیان بۆ بەغدامان دەناردن، پاشان ڕەزامەندی دەهاتەوە، دواتر خۆمان بە هەموو تیپەوە، بە کۆرس و گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکانەوە دەچووینە بەغدا و تۆمارمان دەکردن، یەکەم جار بۆ ئێزگە تۆمارمان دەکردن، دەهاتینەوە کۆیە، ماوەیەکی دیکە، دە ڕۆژێکی پێ دەچوو، جارێکی دی دەچووینەوە، تا ئەو کاتە دیکۆریان

ئامادە دەکرد، دوایی دۆبلاج دەکران، جاری یەکەمی لێ دەرچێ کە بە زیندوو تۆمارمان کردن، ئەوجا بۆ تەلەڤزیۆن وێنەیان دەگیرا.

**ڕامان:** ماوەی چەند ساڵ گۆرانییەکانتان بە ڕەش و سپی تۆمار کران؟ ساڵی چەند بووە ڕەنگاوڕەنگ؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو کاتی تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ نەبوو، هەر تەنیا ڕەش و سپی بوو، ئێمە بە دوو سێ جاران لە بەغدا گۆرانییەکانمان تۆمار دەکرد، بەتایبەت لە دوای ڕێککەوتنی یازدەی ئازار، لە دوای ڕێککەوتنەکە دوو جاران چووینە بەغدا و گۆرانییەکانمان تۆمار کرد، ئەوە ئەو کاتە بوو جەلال بێتووشی، لەسەر داوای شۆڕشی ئەیلوول هاتەوە، هەنگینێ لە ئەڵمانیا دەیخوێند و تەواوی کردبوو، لە بەغدا بووە بەڕێوەبەری گشتیی تەلەڤزیۆنی عێراق، ئەو کات تەنیا تەلەڤزیۆنی ڕەش و سپی هەبوو.

**ڕامان:** بێجگە لەوەی لە ناوەندی هونەریدا کەسێکی ناسراوی، لە بواری هونەر و مۆزیکی کوردی و سەروکاری تیپێکی مۆسیقای کاریگەر جێدەستت دیارە، ئێستا دەمانەوێ بزانین لە بواری نووسیندا چیت کردووە؟ ئەو بەرهەمانەمان بۆ باس بکە کە تا ئێستا چاپت کردوون.

**زاهیر محەمەد:** لە بواری نووسیندا لە ساڵی ١٩٦٥وە، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا نووسیومە، بەڵام بۆ کتێب دانان و چاپکردن، یەکەم چاپکراوم بە ناوی (ڕەنگاوڕەنگ) لە ساڵی ١٩٧٠ بوو کە بریتی بوو لە هەندێک شیعر و سروود و گۆرانی، بەتایبەت گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، چونکە پێشتر لەگەڵ حەسەن زیرەک لە سلێمانی، لەگەڵ برای هونەرمەندم ئەنوەر قەرەداغی و ئەوانی دی ئاهەنگمان سازکرد، ئاهەنگەکە لە ماڵی باوکی هونەرمەند



**کۆیە (هەرمۆتە)، ٢٩/ ٣/ ١٩٥٩، دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: سەردار ئەحمەد (نای)، زاهیر محەمەد (کەمان)، ئیبراهیم فەرەجوڵڵا (کەمان)، جەمال خدر حەمامچی (کۆرس - بەپێوەیە)، فەرهاد عەونی (کۆرس- بەپێوەیە)، وریا قادر (کۆرس - بەپێوەیە)، ئەنوەر تاهیر (کۆرس- بەپێوەیە).**

شەوکەت ڕەشید کرا، کە ئەویشمان لەگەڵ بوو، یەکەم جار هەموو گۆرانییەکانمان تۆمار کرد، ئەو کاتە لەسەر شریتی بەکرە بوو، تۆمارمان کردن، دوایی نۆتەی هەندێکیانم نووسییەوە، پاشان هەموویان لەو نامیلکەیەدا چاپ کران.

**ڕامان:** ئەو کاتە ماڵی شەوکەوت ڕەشید لە کوێ و ماڵی باوکی لە کوێی سلێمانی بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ماڵی خۆیان لە ئەسحابە سپی و ماڵی باوکی لە برایم پاشا بوو، لەو ماڵەدا لەگەڵ حەسەن زیرەک دانیشتین و تا بەرەبەیان گۆرانی گوترا.

**ڕامان:** بێجگە لە حەسەن زیرەک و ئەنوەر قەرەداغی و شەوکەت ڕەشید و خۆت، کێی دیکەتان لەگەڵ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** فوئادی حاجی سەعید و هونەرمەند ئەنوەر تاهیریشمان لەگەڵ بوو، تا گەیشتینە ماڵەکە، حەسەن زیرەک لەو ڕێگەیە هەرچی دیتبا، شیعر و گۆرانی بەسەردا هەڵدەدا.

**ڕامان:** وابزانم ئەو کاتە پشووی هاوین بووە کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا گەڕابوویتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هاوین بوو گەڕابوومەوە کۆیە، ئەو کاتە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە پۆلی سێ بووم.

**ڕامان:** ئەو کتێبەت کە ناوی (ڕەنگاوڕەنگ)ـە، شیعرەکەی (ئەختەر)یش، (شلەوخانان)ی تێدایە.

**زاهیر محەمەد:** ئاخر بۆیە ناوم نا (ڕەنگاوڕەنگ)، چونکە تێکەڵە لە گۆرانی، لە سروود و شیعر، ئەوە لە حەفتاکان چاپ کرا.

**ڕامان:** ئەو کتێبەم دیوە و بۆ کتێبەکەی خۆم (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) سوودم لێ وەرگرتووە، شیعرەکەی ئەختەرم کە لەلا بوو، لەگەڵ ئەوەی لەوێ بڵاوکراوەتەوە، بەراورد کرد.

**زاهیر محەمەد:** دوای ئەوە چەند بەرهەمێکی دیکەشم بە چاپ گەیاند، کە دوو سێ کتێبن، زۆربەیان وەرگێڕانن و لە زمانی عەرەبییەوە وەرم گێڕاون، ئەو دەستنووسەم بۆ هێنای، بە ناوی «چەند بابەتێکی بەپێز، پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک بیزانێ»، هەندێک بابەتی تێکەڵاون، بەڵام زۆر بەسوودن.

**ڕامان:** ئەو کتێبە کێ چاپی کرد؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوەیانم دایە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆیان چاپ کردم، چاپکردنەکەی لە زەمانی ڕەوانشاد فەلەکەددین کاکەیی بوو، ئێستاش ڕەشنووسەکەی لەلامە، فەلەکەددین کاکەیی لەسەری نووسیبوو (خۆم خوێندمەوە و زۆر سوودبەخشە، چاپ بکرێت)، هەر بەکورتی ئەوەندەی نووسیبوو، ئەوەی بۆ لیژنە ناردبوو، لیژنەی چاپی کتێب لە وەزارەت کە ئیشیان ڕاپەڕاندنی ئەم جۆرە کارانەیە.

**ڕامان:** بەڵێ، لە وەزارەت خۆی سەرۆکی لیژنەکە بوو، ماوەیەکیش من سکرتێر، یان ئەندامی لیژنەی چاپ و یارمەتیدانی کتێبی نووسەران بووم.

**زاهیر محەمەد:** تەنیا پێنج سەد دانەشم لێ چاپ کرد، نەمتوانی لەوە زیاتری لێ چاپ و بڵاو بکەمەوە، بۆیە نەکرا بیبەینە شارەکانی دی و دابەشی بکەین، وەک شاری دهۆک و سلێمانی، هەندێکم لە ڕێگەی برادەرانەوە بۆ ناردن، ئەویش هیچم لێ دەست نەکەوتەوە، ژمارەکانی دیکەی لە ماڵەوە ماون.

**ڕامان:** تەرکیزت لەسەر ئەوە بێ کە کتێبەکانت ژمارەیان چەندن؟ ژمارەی کتێبەکانت، پاشان ناویان چییە؟ ئەگەر بکرێ پێم بڵێ هەر یەکەیان ساڵی چەند چاپ کراوە؟

**زاهیر محەمەد:** ناویانم لەبیر نەماون، چونکە ئەوانی دیکە هیچ دانەیەکیان نەماوە.

**ڕامان:** ئەگەر نەشمابن، بەڵام خۆ دەزانی ناویان بێنی، بۆ ئەوەی بۆ مێژوو تۆماریان بکەین، کە تۆ هەشت کتێبت هەیە، دەبێ بزانی کتێبەکانت ناویان چییە، هەریەکەیان ساڵی چەند چاپ کراون.

**زاهیر محەمەد:** باشە، ئەوە ئاسانە و دوایی ناوەکانت بۆ دەنێرم.

**ڕامان:** ئەی لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین نووسیوتە، ناوی ئەوانەت لەبیر ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** یەکەم وتارم لەسەر هونەرمەندێکی ڕووسی بوو، شۆستاکۆڤیچ، ئەو کاتی لە بەغدا ڕۆژنامەیەکی حزبی شیوعی بە کوردی، بە ناوی ئازادی هەبوو، لە ڕۆژنامەی ئازادی بۆیان بڵاو کردمەوە، وتارەکە زۆر دەنگی دایەوە، چونکە وتارێکی زۆر تێروتەسەل بوو، ئەو هونەرمەندە زۆر

بەناوبانگ بوو، موزیکژەنێکی جیهانیی گرنگ بوو.

**ڕامان:** ئەوە یەکەم وتارت بوو نووسیبێتت؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەوەم لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٥ نووسی.

**ڕامان:** وەرگێڕان، یان نووسین بوو؟

**زاهیر محەمەد:** وتارێک بوو خۆم نووسیبووم، بەڵام سوودم لە هەندێک سەرچاوەی دی وەرگرتبوو.

**ڕامان:** زۆر چاکە، ئەوە زانیمان ئەمە یەکەم وتارت بووە، ئەی دوای وی، لە کوێندەرێی دیکە نووسینت بڵاو کراوەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسینم بڵاوکرانەوە، بەتایبەت لە ڕۆژنامەی هەولێر، لەو ڕۆژنامەیەدا زۆرم دەنووسی.

**ڕامان:** تۆ جارێ بە پێی ساڵەکان پێیاندا وەرە خوارێ، لە ساڵانی شەستەکانەوە، لە دوای ڕۆژنامەی ئازادی، لە کوێی دی بابەتت بڵاوکردووەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە ساڵی ١٩٧٣، لە ڕۆژنامەی خەبات کە بە زمانی عەرەبی بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی دی، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ کردم، هەروەها لە ڕۆژنامەی برایەتی نووسینم بڵاو دەکردەوە.

**ڕامان:** ئاخر ئەو ڕۆژنامانەی ناویان دەهێنی، ئەوانە هیی دوای ڕاپەڕین بوون.

**زاهیر محەمەد:** من لەدوای ڕاپەڕینیش زۆرم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسیوە.

**ڕامان:** ئەی پێش ڕاپەڕین، هەر لە ڕۆژنامەی ئازادی نووسیت؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەر لە ڕۆژنامەی ئازادی بوو.

**ڕامان:** بەڵام دوای ڕاپەڕین، یەکسەر هاتییە سەر ڕۆژنامەکانی خەبات و برایەتی؟

**زاهیر محەمەد:** لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)یش نووسیومە، لە هاوکاری زۆرم نووسیوە.

**ڕامان:** ئەی لە گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و ڕەنگین، وتارت نەنووسیوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە گۆڤاری بەیان، یەک جار نووسیومە، ئەگەر لە خەیاڵم مابێ لەسەر بابەتێکی شیعری بوو.

**ڕامان:** لەبارەی هەرچیت نووسیبێ، گرنگ ئەوەیە ئەگەر جارێکیش بووبێ، دەبێ ناوی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان بێنی، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک ویستی یارمەتیت بدا و کۆیان بکاتەوە، کارەکەی بۆ ئاسانتر بێ.

**زاهیر محەمەد:** لەمێژە ئەو نووسینانەم بڵاوکراونەتەوە، ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە، بە تەواوی لەبیرم نەماون.

**لەوەتی هەین و ئەوەندەی ئێمە بە بیرمان دێ، ئەگەر کورد هەستی بە خۆشی و ئازادییەک کردبێ، ئەوە لەو چوار ساڵەی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ بووە.**

**ڕامان:** ئەوە زانیمان پێش ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەکانی ئازادی و هاوکاری، لە گۆڤاری (بەیان)یش وتارێکت بڵاوبووەتەوە، ئەی ڕۆژی کوردستان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕەنگین و چی و چیدیکە هەبوون، لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا هیچت بڵاو نەکردووەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** گۆڤارێکی منداڵان هەبوو، هەنگ، یان گۆڤاری هەرێمی کوردستان، کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەردەچوون، لە گۆڤاری هەنگ زۆر بابەتی منداڵانم نووسیوە، زۆربەی ئەو ژمارانەی دەردەچوون، نووسینی منیان تێدا بووە.

**ڕامان:** منیش لە گۆڤاری ڕامان چەند بابەتێکم بۆت بڵاوکردووەتەوە، ئەگەر لەبیرت مابن؟

**زاهیر محەمەد:** لە گۆڤاری ڕامان زیاتر لە

بابەتێکت بۆم بڵاوکردوومەتەوە.

**ڕامان:** بەڵێ، لەبیرمە وتارێکی جوانی تۆمان لەبارەی مێژووی مۆسیقای باواجی بڵاوکردەوە، هەروەها لەبارەی شیعرەکەی ئەختەر نووسینێکتمان بەناوی «ئەگەر شلەوخانان ئی ئەختەر نەبێ ئی کێیە؟» بڵاوکردەوە، ڕێک ناوونیشانی وتارەکەت ئاوابوو.

**زاهیر محەمەد:** وایە، بابەتێکی دیکەشم بەناوی (چۆن کۆیە پێش بکەوێت؟) لەسەر سێ پرۆژەی کۆیەم نووسیبوو.

**ڕامان:** باسی ڕۆژنامەی هەولێریشت کرد.

**زاهیر محەمەد:** لە ڕۆژنامەی (هەولێر)یش زۆر بابەتم نووسیوە.

**ڕامان:** بێجگە لەوانەی ناوت بردن، چی دیکە هەن، نووسینت تێیاندا بڵاوکرابێتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** هەر ئەوەندەیە.

**زاهیر محەمەد:** ئەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سلێمانی هیچت بڵاونەکردووەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە بڵاوکراوەکانی سلێمانی هیچم بڵاو نەبووەتەوە.

**ڕامان:** ئەوە ئێستا زانیمان بەشداربوونت لە بواری نووسین، لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبدا چەند و چۆن بووە، دواییش بە زووترین کات ژمارەی کتێبەکانت چەند دانەیە و ساڵی چاپکردنەکانیان و ناوەکانیان بە تەواوی بۆم بنێرە، چونکە وەک دەزانی هەندێکیان تا کۆن بن، بایەخ و گرنگییەکەیان زیاترە، ئەو کاتانە نووسین لە بواری هونەر زۆر کەم، بگرە تاکوتەرا دەیاننوسی، لەبیرمە شەماڵ سائیب لە ڕۆژنامەی ژین هەندێ جار بابەتی لە بارەی هونەرەوە دەنووسی.. تۆ وەک هونەرمەندێک کە لە کۆیە بووی، دواتر لە هەولێر بووی، ئایا پێوەندییەکانت لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی



**بەغدا (یانەی کۆلێژی پەروەردە)، ٢٢/ ١٠/ ١٩٦٠، گۆرانیبێژ ڕەزا عەلی، زاهیر محەمەد (کەمان)، حاتەم ئەلعەسکەری (عود).**

و هونەرمەندانی سلێمانی و دهۆک و تیپەکانی دی هەر ئەوەندە بوو کە باست کرد، ئەو پێوەندیانە تا کەی بەردەوام بوون، یان بەرەو کزی و لاوازی چوون؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، ڕۆژ بە ڕۆژ پێشدەکەوتن و پتەوتر دەبوون.

**ڕامان:** پێشتر باسی ئاهەنگێکت کرد کە بۆ حەسەن زیرەک سازتان کردووە، ئەو ئاهەنگ و دانیشتنە چۆن دروست بوو، پێشتر پلانتان بۆی دانابوو، یان هەر بە ڕێکەوت بوو؟

**زاهیر محەمەد:** لە ساڵی ١٩٦٧ گەشتێکمان کرد، گەشتی مامۆستایانی قوتابخانەی (زانست)ی کۆیە، ئەو کاتی فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا بەڕێوەبەرمان بوو، گەشتێکمان بۆ سلێمانی و دەربەندیخان ڕێک خست، شەوێ کە هاتینەوە، چووینە چەقچەق، لەلای سەرچنارە، کە چووینە ئەوێ شەوکەت ڕەشید و ئەنوەر قەرەداغی و ئەوانمان بینی، (حەسەن زیرەک)یشیان لەگەڵ بوو، کە لەلایان دانیشتین، گوتیان بەو بۆنەیەوە کە ئێوە لە کۆیەوە هاتوون، ئەم شەو لە ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید دادەنیشین و ئاهەنگێک دەگێڕین.

**ڕامان:** بێجگە لەو ناوانەی ناوت بردن، کێ و

کێی دیکە بوون لە کۆیەوە چووبوون؟

**زاهیر محەمەد:** مامۆستایانی قوتابخانەی زانست هەموومان بووین.

**ڕامان:** بێجگە لە خۆت هونەرمەندی دیکەتان لەگەڵ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** نا، هەمووی مامۆستا بوون. شەوێ چووینە ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید، حەسەن زیرەک تا بەرەبەیانی گۆرانی گوت، من و ئەنوەر قەرەداغی و شەوکەت ڕەشید و سەلاح ڕەشید-ی برای، کە هەندێ جار نای دەگرت و هەندێ جاریکیش تەپڵ، زۆر گۆرانیمان تۆمار کرد، یەکێک گۆرانییەکانی تۆمار کرد ناوی مەحموود تۆفیق شلک بوو، ئەو حەز و ئارەزووی بوو لەگەڵ هونەرمەندان دانیشێ و گۆرانی تۆمار بکات، ئەو شەوە دوو سێ شریتمان تۆمار کرد.

**ڕامان:** مەحموود تۆفیق شلک خۆشی هونەرمەندێکی گەورەیە، مەقامزان و دەنگخۆشیش بوو.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەو کاتی بەکرە هەبوو، بە تۆمارکەری گرۆندیک تۆمارمان کرد، دوایی کە کاسێت پەیدا بوو، شەوکەت ڕەشید کۆمەڵێکی زۆری لەبەر گرتەوە و خستنییە سەر کاسێت، کە ئێستا لەناو خەڵکیدا بڵاوبوونەتەوە، لە گۆرانییەکان هەندێکی لێ هەڵبژاردن، بە تایبەتی ئەوانەی دەنگەکەیان بە سافی و جوان دەرچووبوون، ئەوانەی خستە سەر کاسێتێک، کاسێتەکە لەناو خەڵکی بڵاوبووەوە، ئێستا ئەوە ئەو کاسێتەیە کە لەبەردەستدا هەیە.

**ڕامان:** تۆ جارێ وردەکاری ئەو دانیشتنەمان بۆ باس بکە کە لە ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید دانیشتوون، ئێوە چەند ژەنیار بوون، چەند کەس گۆرانی گوت؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەی کە ئامێرمان ژەنی من و ئەنوەر قەرەداغی بە کەمان، شەوکەت ڕەشید عوود و کلارنێتی دەژەنی، لەگەڵ سەلاح ڕەشیدی برای، ئەویش ناوەناوە نای و تەپڵی دەگرت.

**ڕامان:** (مەحموود تۆفیق شلک)یش هەموو دانیشتنەکەی تۆمار کرد؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، خەڵکی دیکەش هاتبوون، بەڵام هەموو بەپێوە وەستابوون، جێگە نەبوو، ناچار بە پێوە ڕادەوەستان.

**ڕامان:** ئەوانە بەبێ بانگکردن هاتبوون، یان چۆن هاتبوون؟

**زاهیر محەمەد:** هەندێ لەوانە دراوسێیان بوون، هەندێکیشیان هاوڕێیان بوون.

**ڕامان:** تەنیا حەسەن زیرەک گۆرانیی گوت؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، تەنیا حەسەن زیرەک گۆرانیبێژ بوو، با ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم، من و ئەنوەر تاهیریش هەر یەکەمان بە گۆرانییەک بەشداربووین.

**ڕامان:** بۆ ئەنوەر تاهیریشیتان لەگەڵ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەویشمان لەگەڵ بوو، ئەنوەر تاهیر و فوئادی حاجی سەعید و ئەوانی دیش بوون، ئەنوەر تاهیر لەو قوتابخانەیە نەبوو، بەڵام ئەو لە هەموو گەشتەکان لەگەڵمان بوو.

**ڕامان:** ئەو فوئاد حاجی سەعیدە ئێستا لە کوێیە؟.

**زاهیر محەمەد:** فوئاد سەعیدی پۆستەی پێ دەڵێن، فوئادی حاجی سەعید ماوە و ئێستاکە لە سلێمانی دادەنیشێ.

**ڕامان:** نەتزانی حەسەن زیرەک چەند گۆرانی بۆتان گوت؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر گۆرانی گوت، یەکجار زۆری گوت، من هەندێکم لێ هەڵبژاردن و نۆتەکانیانم

نووسینەوە، لە گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگ هەن.

**ڕامان:** مەبەستت لە کتێبی ڕەنگاوڕەنگە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لەو نامیلکەیەدا هەن، ئاخر نامیلکەیەکی گچکەیە، ئەوجا با ئەوەت بۆ باس بکەم، ئێمە لە دەرفەتێکی کەمدا من و ئەنوەر تاهیر ئەو گۆرانییەمان گوت، شەوکەت ڕەشیدیش کە گۆرانییەکەی دەزانی بە عودەکەی لێی دا، شیعرەکە هیی ئەحمەد دڵزارە، «ئەم لا کەژێکە، ئەم لا کەژێکە، جوان و سەخت و بەرز، لە ناوەڕاستدا دۆڵی سۆلاڤە پڕ لە باغ و ڕەز»، حەسەن زیرەک گوتی چی چی؟ بۆمان دووبارە کردەوە، ئەوجارە گوتی: «ئەم لا کەژێکە ئەم لا کەژێکە، منداڵ حەزی لە مەمکمژێکە» ئەوەم قەت لەبیر ناچێتەوە، چونکە دەمودەست بۆی هات.

**ڕامان:** ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید ئەوەندە گەورە بوو، جێی ئەو هەموو خەڵکەی تێدا ببێتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** ژوورەکە گەورە بوو، لە ژوورێکدا دانیشتین، زستان بوو، بەڵام دەرگا کرابووەوە، تا لای حەوشەکەی خەڵک بە پێوە ڕاوەستابوون، حەسەن زیرەک بۆ خۆی دەفیشی لێ دەدا.

**ڕامان:** کەواتە ئەو یەکتر بینین و دانیشتنە بە ڕێکەوت دروست بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەر بە ڕێکەوت بوو، ئەوجا ئێمە هەر لەو ئاهەنگەدا حەسەن زیرەک-مان دەعوەت کرد و پێمان گوت بێتە کۆیە، بڕیار بوو لەوێش لە ماڵێک دانیشین و گۆرانی تۆمار بکەین، زۆری پێ خۆش بوو و ڕەزامەندی دەربڕی، پاش ماوەیەک لەگەڵ شەوکەت ڕەشید بەهۆی پۆستە و بەریدەوە تەلەفۆنمان بۆی کرد، قوتابخانەکەمان تەلەفۆنی هەبوو، کاتێکم زانی تەلەفۆنی بۆ کردم و ڕۆژێکی دیاری کرد و گوتی ئەو ڕۆژە لە کەرکووکەوە بەڕێ دەکەوین و دێینە کۆیە، ئێمەش هەموو شتێکمان ئامادە کرد، تەنانەت لەسەر ڕێگای ئیسکان ئەوبەر و ئەوبەر خەڵک بۆ بە پیرەوە چوون و پێشوازی هاتبوون، تا درەنگانێک چاوەڕێمان کرد، هەر نەهاتن، دوایی دیسان لە ڕێی بەریدەوە تەلەفۆنمان بۆی کردەوە، دیار بوو بەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کەرکووکەوە دێنە کۆیە، شەوکەت ڕەشید نامەیەکی گچکەی بۆ ناردبووین نووسیبووی (حەسەن زیرەک) یان گرت و ناردیانەوە سلێمانی، لەوێوە ناردبوویانەوە ئێران.

**ڕامان:** کەواتە بەهۆی ئەو گرتنەوە، ئەو هاتنەی ڕێک نەکەوت و سەری نەگرت؟

**شەوێک لە سلێمانی، لە ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید، حەسەن زیرەک تا بەرەبەیانی گۆرانی گوت و تۆمارمان کرد.**

**زاهیر محەمەد:** ڕێک نەکەوت، زۆر شتیشمان ئامادە کردبوو، ویستمان لە ماڵی مەعاونی پۆلیس (جەوهەر جەلال حەوێزی) کە بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بوو دانیشین.

**ڕامان:** ئەو کاتە تیپتان هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** هەر ئەوانەی تیپی باواجی لە خۆ ئامادەکردندا بووین، لە ساڵی ١٩٦٥وەوە کە گەڕامەوە کۆیە و بوومە مامۆستا، لە خۆئامادەکردندا بووین، خۆمان وەک تیپێک ڕێک خستبوو، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٢وە، لەدوای ڕێککەوتنی یازدەی ئادار دەستمان پێ کرد، ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێکی خایاند، تا لە ١ی ٣ی ١٩٧٢، مۆڵەتی تیپی باواجی وەرگیرا.

**ڕامان:** تیپێکتان هەبوو، بەڵام ڕەسمی نەبوو، جارێ ڕەزامەندی مۆڵەتەکەتان وەرنەگرتبوو؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، بەڵام ئەو تیپە هەبوو، خەریکی خۆئامادەکردن بووین و ئەندامی نوێمان

وەردەگرت، ئەو ماوەیە لە خۆئامادەکردندا بووین، جاروبار ئاهەنگیشمان دەکرد.

**ڕامان:** ئەو گرووپەی ئێوە بێجگە لەوەی حەزتان کردووە حەسەن زیرەک بێتە کۆیە، دیارە بەشداریتان لە بۆنەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەی دیکەدا کردووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەتایبەت بۆنەی کوردان، بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبووایە، وەکوو نەورۆز و بۆنەی یادی دامەزراندنی پارتی و بۆنەی دی، ئێمە بەشداریمان تێدا دەکردن.

**ڕامان:** ئەرشیڤە هونەرییەکەت چۆنە؟ تا ئێستا ئەرشیڤە هونەرییەکەی خۆت پاراستووە؟

**زاهیر محەمەد:** هەموویم هەیە، بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بە گۆرانی و مۆسیقاوە هەیە، هیی خۆم و هەندێکی دیکە کە سرنجیان ڕاکێشابم، هەموویم بە نۆتە نووسیوەتەوە، ئێستا ئامادەیە و دامناوە، نۆتەی هەموو ئاواز و گۆرانییەکانی خۆم نووسیوەتەوە، زۆر شریتی بەکرەی تۆمارکراو، لەگەڵ شریتی ڤیدیۆییم هەن، هەموو ئەوانەشم پاراستووە، دوو کتێبخانەی گەورەشم هەیە، ئێستاش لە خوێندنەوە و نووسین بەردەوامم، ئەگەرچی چاویشم زۆر باش نییە.

**ڕامان:** من زیاتر مەبەستم ئەرشیڤەکەتە، ئەو ئەرشیڤە وەک دەزانی جاری وا هەیە بە گەرما و سەرما و ڕووناکی و شێداری، تێک دەچێ، ئایا بە باشی پاراستووتە؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر چاک پاراستوومە، زۆر کتێب و نامیلکەشم کردووەتە دیاری، بەتایبەتی بۆ کتێبخانەی گشتیی کۆیە، هەروەها بۆ سەنتەری ڕۆشنبیریی خانەنشینان کە لە کۆیە و لە تەقتەق-یش کراونەتەوە، کتێبی زۆرم بە دیاری بۆ ناردوون.

**ڕامان:** لە شاری سلێمانی کە ساڵانێکی زۆر لەوێ ژیاوم، لە دەمی هونەرمەندانی سلێمانیم بیستووە، ئەو ڕۆژگارەی قادر دیلان دەستی داوەتە مۆسیقا و گۆرانی، خەڵکی قسەی ڕەق و زبریان بەرانبەر کردووە، تەنانەت دەڵێن بەردیان تێ گرتووە، لەبەر ئەوەی ئەوسا بەلایانەوە مۆسیقا و هونەر حەرام بووە، ئەو دۆخە لە کۆیە چۆن بووە، خەڵکی چۆن سەیری هونەریان کردووە، کۆیە کە شارێکی کراوەیە، کۆییەکانیش هەر لە کۆنەوە، لە زەمانی ئەمیناغای ئەختەرەوە هەواداری هونەر بوون، لەسەردەمی ئێوە چۆن بووە؟

**زاهیر محەمەد:** لە کۆیە شتی وا نەبووە، بگرە زۆر ڕێز لە هونەر گیراوە، هەتا ئێستاکەش جەماوەری هونەر لە کۆیە بە هەموو جۆرێک پشتیوانی لە هونەر دەکەن، کە ئاهەنگێکی هونەری دەبێ، بەتایبەت لە سەنتەری لاوان، یان کە لە زانکۆ ئاهەنگێک هەبێ، جەماوەرێکی یەکجار زۆر دێنە ئاهەنگەکانەوە، جاری وا هەیە وای لێ دێ جێگە نامێنێت و لە حەوشە ڕادەوەستن.

**ڕامان:** هەوادارانی هونەر لە کۆیە ڕەخنەگریشن.

**زاهیر محەمەد:** ئەوەی باشە جەماوەرەکەی، بەتایبەت ڕۆشنبیرەکانیان زۆر لە بابەتی هونەری تێ دەگەن، دەزانن کامەیان ئاستی باشە، کامەیان ئاستی خراپە و تەواو نییە، چونکە کەسانی وەک ئێمە، بەتایبەت ئەوانەی دەرچووی هونەرە جوانەکانین، خەڵکێکی زۆرمان لە قوتابخانەکان پەروەردە کرد و پێگەیاند، ئێمە وانەی هونەرمان پێیان دەگوتەوە، وانەی مۆسیقا و سروود هەبوو، لە هەموو قوتابخانەکانی کۆیە سروودمان بە کوڕان و کچان دەگوتەوە، ئەوە پەروەردەیە، ئێمە پەروەردەیەکی چاکمان

کردن، ئێستاکە هەمووی گەنجن، هەندێکیشیان پیر بوون.

**ڕامان:** ئەی خولی هاوینەتان بۆ قوتابییەکانتان دەکردەوە؟

**زاهیر محەمەد:** زۆربەی ساڵان خولی هاوینانمان لە قوتابخانەکان دەکردەوە، بەم دواداوییەش کە تیپی مۆسیقای باواجی نەما، ئەو کاتی مەڵبەندی لاوان- مەرکەز شەباب-یان پێ دەگوت، لەوێ کاری هونەریمان دەکرد و خولمان بۆیان دەکردەوە.

**ڕامان:** بێجگە لە خۆت و سەردار ئەحمەد، لە مەڵبەندی لاوان کێی دیکەتان لەگەڵ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** کوڕێکی دیکەش هەبوو ناوی شێرکۆ محەمەد کەریم، ئەوەش هەر دەرچووی هونەر بوو، بەو دواداوییە خوێندنی تەواو کرد و هاتەوە، وابزانم پار ئەمری خودای کرد، ئەویش دەرچووی بەشی فلووت بوو. کارەکانمان لەناو خۆمان دابەش دەکرد، هەر یەکەمان ئامێرێک، یان تیۆری مۆسیقامان دەگوتەوە، ئێستاکەش ئەوانەی لە کۆیەن بەردەوامن و ئەو خولانە دەکەنەوە، بێگومان ئەوە پەروەردەیەکی هونەریی چاکە بۆ ئەو نەوانەی یەک لەدوای یەک دێن، بۆیە دەڵێم جەماوەری کۆیە زەوقێکی هونەریی یەکجار باشیان هەیە.

**ڕامان:** تۆ و هاوڕێکانت چەند جار چوونەتە سلێمانی و کەرکووک، یان لە کۆیەوە بۆ شاری هەولێر هاتوون، یان بۆ دهۆک چووبن، ئاهەنگتان بۆ جەماوەر گێڕابێ و خەڵک چێژی لە هونەرەکەتان وەرگرتبێ؟

**زاهیر محەمەد:** زۆرجار بۆ کەرکووک و سلێمانی چووم، بەتایبەت بۆ ئاهەنگی ماڵان، بەهۆی ئەوەی شەوکەت ڕەشید بەڕەسمی ئەندامی تیپەکەمان بوو، ئەندامی شانازمان پێ بەخشیبوو، بۆ سلێمانی-ش بە هەمان شێوە، تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەگەڵ هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی و ویلیەم یوحەننا هەبوو، ئەو کاتی زۆرتر لە ماڵی ویلیەم یوحەننا، بەتایبەت لە ساڵانی ١٩٦٥ و دواتر، دەچووینە ماڵیان و ڕاهێنانمان دەکرد. وەک پێشتر باست کرد، ئەو کاتی ئامێری مۆسیقا لە سلێمانی بە چاوێکی نزم تەماشا دەکرا و نەوعێک بوو.

**ڕامان:** چۆن دەزانی لە سلێمانی، ئامێری مۆسیقا بە نزم سەیر کراوە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەنوەر قەرەداغی تۆزێک ماڵیان دوور بوو، کاغەزی ئەسمەر هەبوو، کاغەزی گەورە بوون، کە دەهات کەمان و قەوسەکەی، لەو کاغەزە ئەسمەرە دەپێچا، بە سندووقی کەمانەکەوە نەدەهات، چونکە توانج و پلار و تەشەریان لێ دەدا، بۆیە لە کاغەزی ئەسمەری دەپێچا و لەبن هەنگڵی (باڵی) خۆی دەنا، ئەوجا دەهاتە ماڵی هونەرمەند یولیەم یوحەننا و لەوێ دادەنیشتین، یان تا درەنگ ڕاهێنانمان دەکرد، بەتایبەت لەسەر ئاوازی ڕۆژئاوایی و ئەو ئاوازانەی کە تازە پەیدا بووبوون.

**ڕامان:** بە مەزەندەی خۆت، ژمارەی ئەو بەشداربوونانەتان لەگەڵ برادەرانی کۆیە کە چوونەتە سلێمانی و کەرکووک و شارەکانی دی، نازانی ژمارەیان چەندن؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو سەردانانە ژمارەیان زۆرە، هەر بۆنەیەک، گەشتێک هەبووبا بۆی دەچووین، یان بۆ بۆنەکان لەدوویان ناردبایەن و ئاگاداریان بکردبایەنەوە، بۆیان دەچووین، لە هەولێریش بەشداریمان کردووە، لەگەڵ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، بە تایبەتی لەگەڵ لقی سەرەکی کە لە سلێمانییەوە هاتن، ئێمە لە هەولێر بە ئاواز و مۆسیقا، ئەوانیش نمایشی (کێچ)یان

پێشکەش کرد، تیپی باواجی مۆسیقا و گۆرانی پێشکەش کرد، ئەو کاتە تیپەکەمان ڕەسمیش نەبوو، هێشتا مۆڵەتمان وەرنەگرتبوو، بەڵام بۆ دهۆک و زاخۆ، بەگەشتی ئاسایی دەچووین، بەڕەسمی نەدەچووین، بڵێین ئاهەنگێک هەیە و تێیدا بەشدار دەبین.

**ڕامان:** بۆ هیچ ئاهەنگێکی دەڤەری بادینان نەچوون؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، نەچووین.

**ڕامان:** هەموو ئەو گۆرانیانەتان تۆمار کردووە کە لە دانیشتنە تایبەتەکان، یان لە بۆنەکاندا لەسەر شانۆ پێشکەشتان کردوون؟

**زاهیر محەمەد:** زۆربەی هەرە زۆریان تۆمار کراون.

**ڕامان:** ئەو گەنجینە هونەرییە لەلای کێ پارێزراوە؟

**زاهیر محەمەد:** هونەرمەند شەوکەت ڕەشید هەمووی پاراستبوو، لەوانەیە (ئەنوەر قەرەداغی)ش تا ئێستا ئەو ئەرشیڤەی مابێ، چونکە ئاگادارم ئەو ئەرشیڤێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە.

**ڕامان:** ئەی ئەمیر کەبابچی و کەسانی دی، دەوریان لە پاراستنی کارەکانتان هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەویش دەوری زۆری هەبووە و هەیە، بەتایبەت ئەو گۆرانییە تۆمارکراوەکانی ئێزگە و تەلەڤزیۆن- بەشی کوردی، زۆری لێیان وەرگرتووەتەوە، ئەمیر کەبابچی ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی هەیە، هیی ئێمەشی هەمووی هەیە و پاراستوویەتی.

**ڕامان:** بێجگە لەوەی کاری هونەریی زۆرت کردووە و بەرهەمی هونەری جوانتان هەیە، وەک کەسێک کە خوێندنەوەشت هەبووە، دەبێ خاوەنی زانیاری خۆت بی، بێگومانم بیروڕای تایبەتی خۆشت هەیە، بۆیە پێم باشە کۆمەڵێک لەو ناوە گرنگانەی لە کۆیە بوون و گۆرانییان گوتووە، یەکە یەکە بەسەریان بکەینەوە، بۆ ئەوەی بیروڕات لە بارەیانەوە بزانین، دەوری ئەوانە لە پێشخستنی هونەر چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ یەکێک لەوانە مەلا ئەسعەد، تۆ لە نزیکەوە ناسیوتە؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر چاک ناسیومە، هەمیشە لە چایخانەکەی محەمەد عەبدوڵڵا کە بە حەمەگەمحان ناسراوە، دادەنیشت و لەوێ دەمدی، پەڕۆیەک بەلاچاوییەوە بوو، چاوێکی تەواو نەبوو، بۆیە چاوێکی بە پەڕۆیەک دەبەست، زۆر جار لەگەڵی دادەنیشتم، بەڵام لە دانیشتنەکانی، مۆسیقام بۆی لێ نەداوە، زۆربەی گۆرانییەکانی حەمەگەمحان بۆی تۆمار دەکرد، دەیبرد لە ماڵی خۆی بەبێ مۆسیقا، تەنیا بە دەف تۆماریان دەکردن، وابزانم یەک دوو جار باکووری بە عوود لەگەڵی دەرچووە، بەڵام لەگەڵ سێوە زۆر ئاهەنگمان کردووە و پێکەوە بەشدار دەبووین.

**ڕامان:** جارێ پێم بڵێ، وەک گۆرانیبێژێک بیروڕات لەسەر مەلا ئەسعەد چییە، چۆن هونەرەکەی دەبینی؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر شارەزا و زانا بوو، مەقاماتی دەزانی و دەنگیشی خۆش بوو، بە تایبەتی هەموو گۆرانییە کۆنەکانی دەزانی، تەنانەت گۆرانییەکانی ئەودیو، هیی مهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی هەموو لەبەر بوو و دەیزانین.

**ڕامان:** چۆن فێریان بووبوو و زانیویەتی؟ سەرچاوەی فێربوونەکەی کێ بوو، لە کوێی بە دەست هێنابوون؟

**زاهیر محەمەد:** وابزانم ئەو بە بنەچە خەڵکی ئەودیوە، خەڵکی کۆیە نەبوو، هاتبوو لە کۆیە نیشتەجێ بووبوو.

**ڕامان:** ئەوەم نەزانیوە کە خەڵکی ئەودیو بووبێ، تۆ دڵنیای کە خەڵکی ئەودیو بووە؟

ئەگەر وایە دەزانی خەڵکی چ شارێکی ئەودیو بوو؟

**زاهیر محەمەد:** خەڵکی ئەودیو بوو، زۆریش دڵنیام، بە مەزەندەی خۆم وا هەست دەکەم مهابادی بێ، لە کۆیە ژنی هێنابوو و گیرسابووەوە. ئەو هونەرمەندە زورپییەتیشی نەبوو، هەموو جارێ حەمە گەمحان کە دەنگ و گۆرانییەکانی لەسەر شریت تۆمار دەکرد، لە چایخانەکەی گۆرانییەکانی لێ دەدا و دەنگەکەی بە مایکرۆفۆن دەدایە دەرەوە، دەیگوت ژنەکەی مەلا ئەسعەد دەهاتە لای دەرگای مزگەوتی گەورە کە بەرانبەر چایخانەکەی بوو، بە دڵ گوێی لە دەنگ و لە گۆرانییەکانی ڕادەگرت.

**ڕامان:** ئەوە باسی (حەمە گەمحان)ت کرد، چایخانەیەکی هەبوو نازانی ناوی چییە، من پێم وایە ناوی چایخانەی چنارۆک بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بە چایخانەی ئووم کەلسووم ناسرابوو، چونکە ئەویش زۆر شەیدای دەنگی ئووم کەلسووم بوو، هەموو گۆرانییەکانی هەبوو و لێی دەدان.

**ڕامان:** لە سەرەتاوە نازانی چایخانەکەی ناوی چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** وا زەن دەبەم چایخانەکەی ناوی لاوان بووە.

**ڕامان:** من پێم وایە ناوی چنارۆک بووبێ، چونکە زۆر لەوێ دانیشتووم، ئەو بەردەوام بە بەکرە و بە ڕیکۆردەری گرۆندیک گۆرانییەکانی لێ دەدا، ئەو خەڵکە هەمووی لەوێ دادەنیشتن و چایان دەخواردەوە و گوێیان لەو گۆرانییە ڕەسەن و کۆنانە دەگرت.

**زاهیر محەمەد:** ئەو یەکەم کەس بوو کە دوو ڕیکۆردەری گرۆندیکی هێنابووە کۆیە.

**ڕامان:** ئەوە گرەندیکە، یان گرۆندیک؟

**زاهیر محەمەد:** گرۆندیک.

**ڕامان:** هەندێ بە گرەندێک دەیڵێن، دروستکراوی ئەڵمانیاشە.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەڵمانییە.

**ڕامان:** ئەو ڕیکۆردەرە زۆر گرنگ بوو، بە بەکرە ئیشی دەکرد.. ئێستا با باسێکی (حەمە گەمحان) بکەین، چونکە حەقی خۆیەتی باس بکرێ، زۆر خزمەتی هونەری کوردی، بەتایبەتی هونەرمەندە کۆییەکانی کردووە، دەنگیانی تۆمار کردووە و لەلای خۆی پاراستوونی، زۆربەی ئەو دەنگە ڕەسەنانەی کۆیەی پاراست، دەتوانم بڵێم سەرەتایەک بوو بۆ ئەرشیڤی هونەریی کۆیە، بۆیە پێم خۆشە چی لێ دەزانی باسی بکەی.

**زاهیر محەمەد:** ئەو بۆ خۆی زۆر حەزی لە گۆرانییەکانی، بەتایبەتی محەمەد عەبدولوەهاب و ئووم کەلسووم بوو، هەموو گۆرانییەکانی ئەو دووانەی هەبوو، دوایی کە ئەمری خوای کرد، هەموو ئەرشیڤەکەی کەوتە لای حسێن قادر.

**ڕامان:** وەک ئاگادارم حسێن حاجی قادر خزمی نزیکی بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئامۆزای یەکدی بوون.

**ڕامان:** چونکە جارێک لەسەری نووسی، م. حسێن قادر زوو زوو دەهاتە گۆڤاری ڕامان و سەری لێ دەداین، دەیگوت بە پلەی یەکەم برادەری باپیرت بووم و زۆر هاتوچۆم دەکرد، دوای ئەو هاوڕێی باوکت بووم، جاربەجار لە بارەی هونەر و هونەرمەندان بابەتیشی بۆمان دەنووسی.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، کتێبی هەیە.

**ڕامان:** کتێبی لەسەر تاهیر تۆفیق و ئەوانی دی هەیە.

**زاهیر محەمەد:** هەر ئەویش بوو ئەو ناسناوەی بە تاهیر تۆفیق دا و (هونەرمەندی گەل)ی بەباڵای

بڕی، دوای ئەوە ناسناوەکە بڵاوبووەوە، هەرچەندە ناسناوەکە فەرمی نییە، بەڵام ئەو ناوەی داهێنا و لەناو خەڵکیدا بڵاوبووەوە.

**ڕامان:** م. تاهیر تۆفیق زۆر موستەحەقی ئەو ناسناوەیە، پیاوێکی گەورەیە و پڕ بە پێستی خۆیەتی.

**زاهیر محەمەد:** ڕاستە، م. تاهیر تۆفیق موستەحەقە، شایانی ناسناوی گەورەتریشە، بەڵام دەبێ ئەو ناسناوە لایەنێکی فەرمی ناسناوێکی شایان بە خۆی بۆ دابنێ کە هەموو لایەک لەسەری هاوڕا بن.

**ڕامان:** پێشتریش هەر گۆرانیبێژێک ناسناوێکیان بۆی داناوە، یەکێک لەوانە (ڕەسووڵ گەردی)یە کە ناوی بە میری حەیرانبێژان، پاشای حەیرانبێژان ناوزەد کراوە.

**زاهیر محەمەد:** ئەوە ناسناوێکی میللییە.

**ڕامان:** خۆیشی هەر ئەو ناسناوە میللییانەن بە باشی جێی خۆیان لەناو خەڵکیدا دەکەنەوە، چونکە لەناو میللەتەوە دروست کراون، لەوانەیە دەزگایەکی ڕەسمی ناوێکی بۆ دابنێ کەس قبووڵی نەبێ، یان کەس پێی هەرس نەکرێ و لەناو میللەت جێی خۆی نەکاتەوە، بۆیە بە ئاسانی وەرناگیرێ و بەناو خەڵکیدا بڵاو نابێتەوە، ئەوە باسی دەوری ئەویشمان کرد، من لەساڵانی حەفتاکان لەگەڵ کەسوکاری خۆمان زۆر لە چایخانەکەی حەمە گەمحان دادەنیشتم، یەکێک لە هۆیەکانی دانیشتنم لەوێ، بۆ ئەوە بوو گوێم لەو گۆرانییانە بێ، بەڕاستی وای لێ دەکردی مەیلت بەرەو لای ڕەسەنایەتی بڕوا.

**زاهیر محەمەد:** یەکێک هەبوو ناوی حەمەدەمین عەباس بوو.

**ڕامان:** ئەوە ئێستا باسی دەکەین، دامناوە بە درێژی باسی (حەمەدەمین عەباس)م بۆ بکەی، سەرەتا لەگەڵ ئەو لە هەولێر ناسیاویمان پەیدا کرد، دیار بوو باوکمی دەناسی، لە هەولێر هۆتێلێکیان بەناوی سۆلاف بەڕێوە دەبرد، کە لەوبەری شەقامی باتا بوو.

**زاهیر محەمەد:** یەکەم جار لە خوار چایخانەی حەمە گەمحان، سەد مەترێک لێی دوور بوو، ئەویش چایخانەی هەبوو.

**ڕامان:** نازانی ناوی چایخانەکەی چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** چایخانەی (حەمەدەمین)یان پێ دەگوت، ناوی چایخانەکە نازانم، هەرواش بەناوبانگ بوو.

**ڕامان:** ئەوجا ئەویش یەکێکە لە دەنگخۆشەکانی کۆیە، کاتی خۆی گوێم لە چەند کاسێتێکی تۆمارکراوی گرتووە.

**زاهیر محەمەد:** شریتی زۆری هەیە، ئێستاکە ناوناوە لە فەیسبووک گوێم لێیان دەبێ، دەنگی خۆشە، زۆر شیعری لەبەر بوو، بەتایبەت شیعری شاعیرە کلاسیکییەکان، هیی نالی و سالم و ئەوانەی بە گۆرانی دەگوت، یان شیعری جەلال جۆباری دەگوت، لەگەڵ جەلال جۆبار زۆر دۆست بوون، لەوانەیە خزمایەتیشیان هەبێت، نازانم خزمایەتییەکەیان چۆنە، بەڵام بەردەوام شیعرەکانی ئەوی دەگوتەوە.

**ڕامان:** حەمەدەمین عەباس، ماوەیەکیش لە بەغدا لە (شەقامی ئەلمشەجەر- شارع المشجر) لەگەڵ حەمەگەمحان بە دووقۆڵی هۆتێلێکیان بەناوی چنارۆک گرتبوو، هەر جارێکی بچووبامە بەغدا، لەلای ئەوان دادەبەزیم.

**زاهیر محەمەد:** لە چ شوێنێکی بەغدا بوو؟

**ڕامان:** لەلای پەیکەرەکەی عەبدولموحسین سەعدون بوو، لەو ناوە پەیکەرێکی هەبوو، عەبدولموحسین سەعدوون ئەو پیاوە نیشتمانپەروەرەی خۆی کوشت، ئەو ناوە پێی دەڵێن شارع ئەلموشەجەر.. بیروڕای

تۆ بەرانبەر دەنگی، شێوەی چڕینی، مەقامات گوتنی، بە گشتی هونەری ئەو پیاوە چییە؟

**زاهیر محەمەد:** دەنگی خۆش بوو، مقاماتەکانی بە جوانی ئەدا دەکرد، ئەدائێکی زۆر چاکی هەبوو، بەڵام لەوانەیە ئەوان لایەنە زانستییەکەی هونەرەکەیان نەزانیبێ، واتە نەیانزانیبێ ئەوەی دەیڵێن چ جۆرە مەقامێکە، مەقامی عەجەمە، نەهاوەندە، بەیاتە، بەڵام جوان ئەدای دەکرد، تا دوایی بە جوانی و ڕێکی دەیهێنا و ئەدای دەکرد، بەتایبەت بە شیعرە کلاسیکییەکانی نالی و هەندێکی حاجی قادری کۆیی و سالم و ئەوانەی دەگوتنەوە.

**ڕامان:** هەڵبژاردنی ئەو شیعرانە دەورێکی گرنگیان لە ناساندنی شیعری ئەو شاعیرە کلاسیکییە گەورانەدا هەبووە.

**زاهیر محەمەد:** دڵخۆشم بەوەی هەموو ئەو گۆرانییانەیان پاراستووە، بەتایبەتی کوڕەکانی و خزمەکانی، کە ئێستا ماون و لە کۆیە دەژین.

**ڕامان:** خۆزگە بە باشی ئاگایان لە ئەرشیڤەکە دەبوو و نەیاندەهێشت بفەوتێ، پێویستە زۆر بایەخی پێ بدرێت.. ئێستا با بێینە سەر مەلا ئەحمەدی کۆر، کە مەقامزان بووە و لە مەولوودەکاندا مەولوودی خوێندووە، مەقاماتی گوتووە، شیعری باشی هەڵبژاردووە، تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵی هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، من دوو جاران بە عوود لەگەڵی بووم و دەنگەکەیم تۆمار کردووە و لەلام ماوە.

**ڕامان:** ئەو دەنگەی لە ئەرشیڤی تایبەتیت ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ماومە.

**ڕامان:** یەک دوو جار جیهانبەخش کۆیی بەرهەمەکانی لە فەیسبووکی خۆی دابەزاند.

**زاهیر محەمەد:** جارێک لەگەڵ ئەنوەر تاهیر و ئەو د. ڕەوەند ئیسماعیل قاوەچی، بە کەمان ئیشێکیان بۆ کردووە، ناوە ناوە لە فەیسبووک دەیبینم، فەقێ ئەحمەدە کۆرە، کەوا بەناوبانگ بوو، بە زگماک هەردوو چاوی کوێر بوون، دەفیشی لێ دەدا و ئەو گۆرانییانەی دەگوت، بەتایبەت گۆرانی خاڵە موختار، خاڵە موختار، گۆرانییەکی خۆشە، بابەتێکی مێژووییە، لە زەمانی سەفەربەلک ئەو سەرگوروشتەیە بڵاوبووەتەوە کە خاڵە موختار کەسێک بووە بۆ سەربازی بانگ کراوە، ئەو کاتی چۆن خۆی ڕزگار کردووە، ئەوە هەکایەتێکی مێژووییە و ئەو بە گۆرانی دەیگێڕێتەوە.

**ڕامان:** تۆ وەک کەسێک کە لە مەقامات و لە هونەر شارەزاییت هەیە، گوێگرێکی باشی ئەو گۆرانیبێژە ڕەسەنانەی کۆیە بووی، هەندێکیانت لە نزیکەوە بینیوە و ناسیوە، هەندێکیانت دووراودوور ناسیوە، یان فریایان نەکەوتووی بیانبینی، بەڵام دەنگیانت بیستووە، ئەو مەقامانەی ئەوان لەو ماوەیەدا گوتوویانە، زۆر باو بوون، یان هەندێک مەقامی دەگمەنیان گوتووە کە بەهایەکی مێژوویی و هونەریشیان هەیە، ئەو مەقامانە کامانەن؟

**زاهیر محەمەد:** مەقامات و هونەر لە کۆیە، مۆرکێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوجا ئێستا شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، ڕۆژێک حاکم بەهجەت محەمەد حەسەن بابان کە خەڵکی سلێمانی- یە و لە کۆیە بوو، گوتی لە سلێمانی لە سابوونکەرانەوە بە پاس دەهاتمە ناو شار، ژنێکی کۆیی بە جلکی کوردییەوە هاتە ناو پاسەکەوە، کوڕێکی گەنج لە پشتییەوە بوو، یەکسەر گوتی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، کە ئەو ژنەی بە جلکی کوردی دیوە، زانیویەتی ئەو ژنە کۆییە، بە دەنگی بەرز و هاوارکردنەوە ئەمەی گوتووە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هونەری گۆرانی و مۆسیقا لە کۆیە، مۆرکێکی تایبەتی هەیە.

**ڕامان:** ڕێـزم بـۆ هەمـوو ئەوانـی دی هەیـە، بـەڵام ئەگـەر کۆیـە تەنیـا سـێوە و تاهیـر تۆفیـق و مـەلا ئەسـعەدی هەبـێ، بەسـیەتی شـانازی بـە خۆیـەوە بـکا؟

**زاهیـر محەمـەد:** مـن هەمیشـە گوتوومـە سـێوە قوتابخانەیەکـی تایبەتییـە، لـە هیـچ جێگەیـەک وێنـەی نییـە، ئـەو مەقاماتـەی سـێوە زۆر تایبەتـن و لـە کۆیـە ناسـراون، ئەوانـی دیکـەش وەک فەقـێ ئەحمـەدە کـۆرە و مـەلا ئەسـعەد و حەمەدەمیـن عەبـاس و ئەوانـە، ئەمانـەش زۆر تایبەتـن، پێشـتر هیـی دیکـەش هەبـوون، کەسـانی وەک ئەختـەر و حاجییـە گـەورە، کـە دەنگیـان تۆمـار نەکـراوە، حاجییـە گـەورە دەنگـی زۆر خـۆش بـووە.

**ڕامـان:** حاجییـە گـەورە مەقامزانێکـی گـەورە بـووە، محەمـەد گوبانچـی ئـەو دەنگخـۆش و مەقامزانـە گەورەیـە، بـە مامۆسـتای خـۆی دادەنێ.

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەو کاتـە بـاوەڕ ناکـەم تۆمـار و ڕێکـۆردەر و ئـەو ئامێرانـە لـە کۆیـە هەبووبـن تـا دەنگـی بۆمـان مابێتـەوە.

**ڕامان:** بیسـتوومە حاجییـە گەورە خۆی نەیهێشـتووە دەنگـی تۆمـار بکرێت.

**زاهیـر محەمـەد:** بـاوەڕ ناکـەم ئەو کاتـی تۆمارکەر هەبووبێت.

**ڕامـان:** لـە ئاخروئۆخـری ژیانـی، دەڵێـن پێـش مردنـی، منـداڵ و کەسـوکار و خەڵکـی کۆیـە هەوڵیـان لەگەڵـی داوە و ویسـتوویانە ئـەو دەنگـە خۆشـە و مەقامەکانـی تۆمـار بکـەن، بـەڵام پێـی ناخـۆش بـووە و نەیهێشـتووە.

**زاهیـر محەمـەد:** لەوانەیـە، بـە تەمەنـی پیـری و پێـش مردنـی هەوڵیـان لەگـەڵ دابـێ، دەڵێـن دەنگـی زۆر خـۆش بـووە، کابرایەکـی پاڵەوانیـش بـووە، واتـە کەسـێکی بەهێـز بـووە، محەمـەدی کوڕیشـی وەک خـۆی بەخـۆوە بـوو.

**ڕامـان:** بەڵـێ، وەک باسـی دەکـەن پیاوێکـی کەڵەگەت و چوارشـانە و بەخۆوە، خەریکی وەرزش و زۆرانبـازی بـووە.. بێجگـە لـەوەی لـە کۆیـە تیـپ هەبـووە، شـاری کۆیـە بۆخـۆی زەوقـی هونـەری هەبـووە و هەیـە ڕێـزی تایبەتـی بـۆ هونـەر هەیـە، خەڵکـی کۆیـە حەزیـان لـە دانیشـتنی شـەوانەی مـاڵان و یانـەکان بـووە و هەیـە، هونەرمەنـدەکان لەنـاو ماڵەکانیـش گۆرانییـان گوتـووە و شـەویان ڕۆژ کردووەتـەوە، تـۆ لـەو جـۆرە دانیشـتنانە بەشـدار بـووی و ئاگاداریـت هەیـە، هیچیـان لـە بـارەوە دەزانـی بۆمانـی بـاس بکـەی؟

**زاهیـر محەمـەد:** دانیشـتنە کۆنەکانـی مـاڵان کـە هەندێکمـان لـێ بـاس کـردن، لەوانەیـە هیـی دیکـەش هەبووبـن و ئێسـتاکە لـە بیرمـان نەبـن. شـتێکی دیکـە هەیـە، ئێمـە ماڵمـان لـە مزگەوتـی حەتـک نزیـک بـوو، شـەوان دوو سـێ کـەس، لەوانە ئەحمـەد قەیتـان، ناوەکانـی دیـم لەبیـر چووەتـەوە، لەگـەڵ حاجـی خۆمـان، حاجـی عەبدولواحیـد، ئەوانـە شـەوانی جومعـان دەهاتـن کەباریـان دەکرد.

**ڕامان:** حاجی عەبدولواحید کامەیە؟

**زاهیر محەمەد:** مامی دایکمە.

**ڕامان:** ئاخر باوکی ناوی چییە؟

**زاهیـر محەمـەد:** لـە کۆیـە وا بەناوبانگـە، حاجـی ناوبەقیمـەی پـێ دەڵێـن، ئـەوە شـوفێر بـووە.

**ڕامـان:** ناوبەقیمـە ناسـناوە، ئـەی باوکـی نـاوی چـی بـووە؟

**زاهیـر محەمـەد:** عەبدولواحیـد، بۆخـۆی نـاوی حاجـی بـوو، حاجـی عەبدولواحیـد مامـی دایکـم بـووە.

**ڕامـان:** وەمزانـی چووەتـە حـەج، بۆیـە پێـی دەڵێـن حاجـی؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەوە مامـی دایکـم بـوو، ئەوانـە شـەوانی جومعـە دەهاتـن لـە سـەربانی مزگەوتـی

ڕادەوەستان، ئەو وەختی شار گچکە بوو، شەوێکی هێمن و کشومات کە هیچ دەنگ نەبوو، کە لە مزگەوت بانگ دەدرا، لە هەرمۆتە و لە شیلە گوێیان لێ دەبوو، چونکە شارێکی بێدەنگ و کپ بوو، ئەو چەند کەسە دەهاتن و شەوانی جومعە لە بانی مزگەوت کەباریان دەکرد، ئەوە پێی دەڵێن کەبار، کە شێوەی گوتنەکەی وەک مقاماتە، هەر یەکەیان دەورێکی دەدی و مەقامێکی یەک دەقەیی، دوو دەقەیی دەگوت، ئەوی دیکە لەوی وەردەگرتەوە و مەقامێکی دیکەی دەگوت.

**ڕامان:** ئەوانە ناویان بە تەواوی بڵێی باشە، چونکە بەشێکن لە مێژووی مەقامات و دەنگخۆشی و هونەری شارەکە.

**زاهیر محەمەد:** ئەحمەد، بە ئەحمەد قەیتان بەناوبانگە، ناوەکانی دیم لەبیر نەماون، برای حەمە گەمحان بوو، دوایی چووە هەڵەبجە و لەوێ بووە پۆلیس و هەر لەوێ ژنی هێنا، لەوێش شەهید بوو، بە داخەوە بەر کیمیابارانەکە کەوت، ناوەکانی دیکەم بیر چوونەتەوە.

**ڕامان:** بە تێروتەسەلی باسی سێوەمان بۆ بکە، پێش سێوەش، (مەڕبێن) و (حەنێلەخڕە)مان هەیە، چی لە بارەیانەوە دەزانی، یان چیت لە بارەیانەوە بیستووە؟

**زاهیر محەمەد:** مەڕبێن و حەنێلەخڕە کۆنن، من نەمبینیون، بەڵام لەگەڵ سێوە لە ساڵی ١٩٥٩، مانگی دە بوو، لە ڕانیە بووین، ئاهەنگێکمان کرد، لەو ئاهەنگەی لە ڕانیە کردمان م. باکووری و سێوەشمان لەگەڵ بوون، سێوە لەوێ گۆرانی گوت، بێجگە لەوە چەند جاری دیکە کە لە کۆیە ئاهەنگمان کردبێ، سێوەمان بانگ کردووە و گۆرانی گوتووە، جارێکیش چەند برادەرێکی مامۆستا لە هەولێرەوە هاتبوون، هاوین بوو، چووینە هەرمۆتە، لە باخەکانی هەرمۆتە وێنەی زۆریشمان گرت، هەندێکم لە وێنەکان، لە فەیسبووک بڵاوکردنەوە.

**ڕامان:** سەبارەت بە مەڕبێن و حەنێلەخڕە بە بیستن هیچت لە بارەیانەوە بیستووە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانە کۆنن، نەمدیتوون.

**ڕامان:** ناڵێم ئەوانەت بینیوە، دەڵێم لەلایەن هیچ کەسێکەوە قسەیان لەسەر نەکراوە بڵێن ئەوانە ئاستی هونەرییان چۆن بووە؟

**زاهیر محەمەد:** بە بیستن بیستوومە، یان لە سێوەمان بیستووە، سێوە خۆی دەیگوت لەوانەوە فێر بووم، ئەوانە لە کەنیسە تەراتیلیان گوتووە.

**ڕامان:** ئەو هونەرەیان بە زمانی کوردی بۆ ماوەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** هەر وەک ئەوەی هەبوون، بۆمانیان هێناوە بۆمان، سێوە خۆشی شەماش بووە، لە کەنیسە تەراتیلی گوتووە، هەر لە کەنیسەش لێیانەوە فێر بووە، یان لە ئاهەنگەکان کە شەوانە لە ماڵی ئاغاکان دانیشتوون، بەتایبەتی لە ماڵی کاکە زیادی حەماغای گەورە و مەلا حەوێزی غەفووری حەزیان لەو هونەرە بووە، شەوانە کە دانیشتوون، هەموویان گۆرانیان گوتووە، سێوەیان لەگەڵ بووە، سێوەش سوودی لەو مامۆستایانە وەرگرتووە، بەڵام حەنێلەخڕە و مەڕبێن، زەمانی ئێمە نەبوون.

**ڕامان:** تۆ تەنیا ئاگات لە سێوە هەیە، ئەویش باسی مەڕبێن و حەنێلەخڕەی بۆ کردووی؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، من زۆر جار لەگەڵ سێوە دەبووم و دانیشتنی هونەریم لەگەڵی هەبووە.

**ڕامان:** سێوە کە ئەو گۆرانییانەی بردووە لە ئێزگە تۆماری کردوون، دەڵێن چەند دانەیەک

بوون، بەڵام یەکێکیان دیار نییە، م. کەریم شارەزا لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی تا ئێستا دانەیەکی بزرە و کەس نازانێ کەوتووەتە کوێ.

**زاهیر محەمەد:** دەڵێن کاتی خۆی لە ئێزگەی کوردیی بەغدا، بە هەڵە لەسەر شریتەکەی سێوە گۆرانی دیکەیان تۆمار کردووە، وەک گوتمان ئەو کاتە شریت- بەکرە بووە، گۆرانی لەسەر بەکرەیەکی گەورە تۆمار دەکرا، گوایە لە ئێزگە بە هەڵە گۆرانییەکی دی، کەسێکی دیکەی لەسەر تۆمار کراوە، بۆ نموونە بڵێین گۆرانییەکی عەلی مەردان، لەسەر ئەو گۆرانییەی سێوە تۆمار کراوە، بۆیە ئەو گۆرانییە نەماوە، بەڵام ئەوانەی دیکەی ماون.

**ڕامان:** بەڵێ، وا دەڵێن و هەروام بیستووە، دەبێ کەسێکی وا کە بایەخی بە ئەرشیف داوە، یان ئەو هونەرمەندەی خۆش ویستووە و بە دڵ گوێی لێ گرتووە، عاشقی گۆرانییەکانی بووە، بۆ ئەرشیڤی خۆی ئەو گۆرانییەی تۆمار نەکردبێ و لەلای خۆی نەیپاراستبێ؟

**زاهیر محەمەد:** دەبێ لای حەمە گەمحان هەبێت، چونکە بەبێ مۆسیقا، زۆربەی گۆرانییەکانی سێوەی تۆمار کردووە، ڕەنگە لەناو ئەرشیڤی ئەودا مابێت.

**ڕامان:** بێجگە لە شەهید ئازاد، ئێستا کوڕەکانی دیکەی حەمە گەمحان لە کوێ دەژین؟

**زاهیر محەمەد:** حەمە گەمحان دوو کوڕی هەبوو، یەکیان ئازادی ناو بوو، کە شەهید بوو، یەکێکی دیکەشیان لە ئەڵمانیا دەژی، کچێکیشی هەیە خێزانی (عەزیز حسێن)ـە، بەڵام هەموو ئەرشیڤەکەی لەکن حسێن قادر بوو، ئێستاکە هەمووی لە ماڵی حسێن قادر ماوە، کوڕێکی حسێن قادر ئێستاکە لە هەولێر دەژی.

**ڕامان:** دەبێ ئەوانە زوو زوو بەبیریان بهێنیتەوە کە ئەو ئەرشیڤانە گرینگن و نابێ بفەوتێن.

**زاهیر محەمەد:** هەموو جارێ ئەوەی پێ دەڵێم، چونکە ناو ناوە دەیبینم.

**ڕامان:** هەرچەندە حسێن قادر زوو زوو سەردانی دەکردین، بەڵام ئاشنایەتیم لەگەڵ منداڵەکانی نییە.

**زاهیر محەمەد:** بە دڵنیاییی هەموو ئەرشیڤەکەی ماوە، کوڕەکەی پاراستوویەتی، کتێبەکانی و ئەو شریتانەی هەمووی پاراستووە.

**ڕامان:** کە سێوە دەهات مۆسیقاتان بۆ دەژەنی، بەرهەمەکانی ئامادە و کامڵ بوو، یان بۆتان دەستکاری دەکرد؟ ئێوە پێوەی هیلاک نەدەبوون؟ شیعرەکانی، ئاوازەکانی کە گوتوونی، ئامادە و کامڵ و بێ کێشە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو هەموو گۆرانییەکانی لەبەر بوو، هەمووی بە جوانی دەگوتەوە، بەڵام ئەوەندەی بزانم جاری وابووە گۆرانییەکی عەرەبی لەگەڵ کوردییەکە تێهەڵکێش دەکرد.

**ڕامان:** گۆرانییە عەرەبییەکە چ بوو، ناوی گۆرانییەکە، یان گۆرانیبێژەکە نازانی؟

**زاهیر محەمەد:** زۆربەی مەقامبێژەکانی بەغدا بوون، محەمەد گوبانچی و یووسف عومەر، یەکێکیانی لەگەڵ ئەوانەی خۆی دەگوتەوە، ئەو گۆرانییانەی کە ئەو ڕۆژگارە بەناوبانگ بوون.

**ڕامان:** م. تاهیر تۆفیق بەلامەوە هونەرمەندێکی گرنگە، دەمەوێ وەک کەسێک بۆمی باس بکەی کە لە نزیکەوە ناسیوتە، سێوە چەند لەگەڵ تاهیر تۆفیق هاوکاری یەکتر بوونە؟ چەند لە کۆڕ و مەجلیسەکان لەگەڵ یەکتر دانیشتوون و گۆرانییان گوتووە؟

**زاهیر محەمەد:** هەر جارێکی لە کۆیە ئاهەنگمان

کردبێ، ئاخر ئێمە ئەو ماوەیە کە لە کۆیە بووین، ساڵانە لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بۆ چالاکی، بەڕەسمی دوو ئاهەنگمان دەگێڕا، چونکە وەزارەتی ڕۆشنبیری داوایان لێ دەکردین و دەیانگوت دەبێ مانگانە، یان وەرزانە، چیی چالاکیتان هەیە بۆمانی بنێرن.

**ڕامان:** لە کۆیە هۆڵی باشی هەبوو چالاکی تێدا بکەن؟

**زاهیر محەمەد:** ئێمە ساڵانە دوو ئاهەنگمان دەگێڕا، بەتایبەت هاوینان لە حەوشی یانەی فەرمانبەران، یان لە حەوشی قوتابخانەیەک، زستانانیش لە هۆڵێک، ئەو کاتی هۆڵی جەماوەری و هۆڵی گەورە نەبوو، تەنیا هۆڵی قوتابخانەکان هەبوو، بەتایبەت لە دواناوەندیی کۆیە ساڵانە دوو ئاهەنگمان دەگێڕا، ئاهەنگەکانی هاوینان لە یانەی فەرمانبەران بوون.

**ڕامان:** ئێوە ساڵانە کە ئەو چالاکیانەتان لە کۆیە دەکرد، هەر هونەرمەندانی کۆیە بەشداربوون، یان میوانداری هونەرمەندانی شارەکانی دیکەشتان کردووە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەی میوانداریمان دەکردن لەگەڵمان بەشدار بن، تاهیر تۆفیق، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها و ئەوانە لەگەڵمان بەشدارییان دەکرد و دەهاتن، لە سلێمانی-ش هەمیشە شەوکەت ڕەشیدمان لەگەڵ بووە، چونکە ئەندامی شانازی تیپەکەمان بوو، لەگەڵ ئیبراهیم خەیات، ئیبراهیم خەیات دەهات و لەگەڵمان بەشداری دەکرد، ئاهەنگەکانمان تا نزیکی بەرەبەیانی دەخایاند.

**ڕامان:** جەماوەری ئەو ئاهەنگانەتان چۆن بوو؟

**زاهیر محەمەد:** خەڵکێکی زۆر دەهاتن، خەڵکەکە لەسەر گردی قشڵە کۆدەبوونەوە، وەکوو پێشتر گوتم جەماوەری کۆیە بە ژن و بە پیاوەوە زۆر حەزیان لە هونەرە، ئەو ژنانە دەهاتن لەسەر گردی قشڵە دادەنیشتن، تا ئاهەنگەکە تەواو دەبوو، کە تەواو دەبوو و خەڵکەکە بڵاوەیان لێ دەکرد و دەڕۆیشتن، ئەوجا خۆمان لە یانەی فەرمانبەران دەماینەوە و تا نزیکی بەرەبەیانی بە گۆرانی بەڕێمان دەکرد.

**ڕامان:** تۆ لە شەستەکانەوە دەستت بەکاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتننامەی ئاداری بەسەردا دێت، واتە تۆ لە هەردوو قۆناغەکەدا ژیاوی، هەم شەستەکانت بینیوە و بەڕێ کردووە و لە ناوەندی هونەر ژیاوی، هەم لە ساڵانی حەفتاکان بەدواوە کارت کردووە، ئەو گۆڕانکارییەی لەپاش ساڵی ١٩٧٠، بەهۆی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە ڕووی دا، حەز دەکەم باسی ئەو وەرچەرخانەم بۆ بکەی کە لە هونەری موزیک و گۆرانیی کوردیدا هەستت پێ کرد؟

**زاهیر محەمەد:** لەوەتی هەین و ئەوەندەی ئێمە بەبیرمان دێ، ئەگەر کورد هەستی بە خۆشی و بە ئازادییەک کردبێ، ئەو چوار ساڵەی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ بووە، ئەو چوار ساڵە پارتی لە کوردستان، بە ڕێبەرایەتیی بارزانی بارودۆخەکەی بەڕێوە دەبرد، چونکە ڕێککەوتنەکە لەگەڵ پارتی کرابوو، بەڵام بەعس لەگەڵ کورد ڕاست نەبوو، چەند جارێکیش پیلانی لە دژی جەنابی سەرۆک بارزانی دانا، بەڵام کورد ئەو چەند ساڵە هەستی بە ژیانەوە کرد، ئەو ماوەیە و پێش شۆڕشی ئەیلوولیش هەمیشە گوشاری زۆر و دوژمنایەتی لەگەڵ کوردستان هەبوو، ماوەی ئەو چوار ساڵە، بۆ کورد ژیانەوەیەکی باش بوو، لەو ساڵانەدا لە هەولێریش هونەر و ئەدەب و هەموو بوارەکانی دی، دەستی بە بووژانەوە و گەشەکردنێکی زۆر

کرد.

**ڕامان:** ماوەی ئەو چوار ساڵە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی تیپە هونەرییەکان، کارێکی ئاسان بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئاسانکاری زۆر هەبوو، ئێمە لە ساڵی ١٩٧٢وە مۆڵەتمان وەرگرت، لە سلێمانی-یش بە هەمان شێوە هونەر بووژایەوە، لە هەولێر تیپی هونەری هەولێر و لقی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و زۆر تیپی دی دامەزران.

**ڕامان:** تیپی مۆسیقا و نواندنی سلێمانی و کۆمەڵی هونەر و وێژەیی کوردی لە ساڵی ١٩٦٩وە دامەزرابوون، بەڵام بەو شێوەیەی دوای ساڵی ١٩٧٠ چالاکییان نەبوو.

**زاهیر محەمەد:** ڕاستە، ئەو تیپانە پێشتر هەبوون، بەڵام بە شێوەی فەرمی نەبوون، هەر تیپی میللی و جەماوەری بوون، تەنانەت نەیاندەتوانی بارەگاش بگرن، پتر لە قوتابخانەکان، یان لە جێگەی دی وەک هۆڵی جەماوەری ڕاهێنانیان دەکرد و کۆدەبوونەوە، ئەو کاتە هەبوونی تیپەکان کاتی بوون، دروست دەبوون، بەڵام دوای ماوەیەک نەدەمان، سەرلەنوێ خەڵکێکی دیکە دەهاتن و کۆدەبوونەوە، ئەوانەی کە بە ڕەسمی و بە مۆڵەت بووە تیپ، لە حەفتاکان بوو، ئەو سەردەمە بۆ ئێمە زۆر تایبەت بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتەی کە لە بەغدا، لە بەشی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بووی و دەتخوێند، ئەوکاتە پەیمانگەی توێژینەوەی ئاواز — معهد الدراسات النغمية هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** نەبوو، دوای ئێمە دامەزرا، بەسەرپەرشتی ڕوحی خەمماش دامەزرا، ڕوحی خەمماش زانایەکی گەورەی مۆسیقا و بواری هونەر بوو، هونەرمەندێکی زۆر گەورە بوو، ئەوە بە بنەچە فەڵەستینی بوو، ڕەبەنیش بوو، هەستێکی هونەری زۆر بەرزی هەبوو، بۆ ئێمە بە دوو دەستان نۆتەی دەنووسییەوە، ئاخر نووسینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی جوایزن، نووسینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکەی بە دوو دەستان بۆمان دەنووسییەوە.

**ڕامان:** لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان مامۆستاتان بووە، دیارە زۆر کاریگەری و جێ پەنجەی لەسەرتان بەجێهێشتووە و سوودی زۆرتان لێ وەرگرتووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، مامۆستامان بوو، دەرسی بە من گوتووە و زۆر سوودم لێ وەرگرتووە.

**ڕامان:** لەوانەی مامۆستات بوون و لە یادت ماون، یان زۆر سوودت لێیان وەرگرتبێ، بێجگە لە ڕوحی خەمماش، کێی دیکە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەی لە پەیمانگە زۆر سوودمان لێ وەرگرتن، کە دوو لقی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی هەبوو، ئێمە هەمووومان لە وانە تیۆرییەکان، لە پۆلەکان تێکەڵاو بووین، بەڵام بۆ ڕاهێنان لەسەر ئامێرەکە دەچووینە بەشی ڕۆژئاوایی و هەریەکەمان ئامێرەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد، لە وانەکانی دیکە هەمووومان تێکەڵاو بووین، بۆ نموونە ئێمە بەشی ڕۆژئاوایی بووین و مووەشەحاتمان دەخوێند، تیۆرەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییمان دەخوێند.

**ڕامان:** بۆ وتنەوەی ئەو هەموو وانانە تەنیا ڕوحی خەمماش وانەی پێ دەگوتنەوە؟

**زاهیر محەمەد:** یەکێک لەوانەی دەرسیان پێ دەگوتین ڕوحی خەمماش بوو، غانم حەداد کەمتر، دواییش لەلامان نەما، ئەو چووە بەشی خوێندنی ئێواران، چونکە پەیمانگە ئێوارانیشی هەبوو، یەکێکی دیکەشمان هەبوو ناوی جاسم قانوون بوو، مامۆستای مەلا ئەنوەر تاهیر بوو، ئەوەش وانەی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** سەمیر بەغدادی-تان لەلا نەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، ئەو لە ئێزگە بوو، بەشی ڕۆژهەڵاتی، ئەوەی کە لەبیرم مابن هەر ئەوانە بوون، کەسی دیکەمان نەبوو، بەتایبەتی ڕوحی خەمماش زۆر گرنگ بوو.

**ڕامان:** ئەو سێ ساڵەی خوێندنتان، هەر ئەو مامۆستایانە بوون وانەیان پێتان گوتەوە، دەموچاوەکان نەگۆڕان؟

**زاهیر محەمەد:** مامۆستایانی ئێمە لە عەمەلییەکەی گۆڕان، ئەوانەی وانەی کرداریيان پێ دەگوتینەوە، وەک باسم کرد ئەو وەرزە ژنێکی ئەڵمانی وانەکەی پێمان گوت، ئێمە پێمان دەگوت مەدام، کەسێکی زۆر گرنگ بوو، لە ئۆرکێسترای ئەڵمانیا ئەندام بوو.

**ڕامان:** ناوی تەواوی نازانی، بە تەواوی ناوی چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ناوەکەیم لەبیر نەماوە، بەڵام هەر پێمان دەگوت مەدام، ساڵی دووەم تا تەواومان کرد ئاران تاجریان، ئەو دوو ساڵەی دیکە دەرسی پێ گوتین، ئەو مامۆستایە دەرچووی پاریس بوو، ئەوەش کەسێکی زۆر گرنگ بوو، وانەی کرداریی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** ئەوە خەڵکی کوێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** مەسیحی بەغدایی بوو، دوایی لە سۆڵفێجی ڕۆژئاوایی و تیۆرەکانی مۆسیقای ڕۆژئاوایی، یەکێکی دیکە دەرسی پێ دەگوتین، ئەوەش هەر دەرچووی دەرەوەی عێراق بوو، وابزانم دەرچووی یۆگسلاڤیا بوو، ناوی ئاران بابۆخیان بوو.

**ڕامان:** مۆسیقا لە بەشەکانی دیکەی هونەر دانابڕێ، تۆ هاتوچۆی بەشەکانی دیکەت نەدەکرد بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگری؟

**زاهیر محەمەد:** بە مەبەستی سوود وەرگرتن هاتۆچۆم نەدەکردن، بەڵام برادەرم لەو بەشانەدا هەبوون، کوردەکانی لای خۆمان لەوێ بوون، خەڵکی سلێمانی و هەولێر و کۆیە لەوێ بوون، هیی کۆیە تەنیا م. کەریم حەمەدم دەناسی، بەڵام هاوڕێی هەولێریشم هەبوو، ئەوانە لەگەڵمان تێکەڵ بوون، لە بەشی ناوخۆییش هەموومان هەر پێکەوە بووین.

**ڕامان:** وەک پێشتر باست کرد، بەهۆی بەهرە و پاشخانی هونەریتان، بە ئاسانی لە بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیران؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بە هەقی خۆمان دەرچووین، لە پاش چاوپێکەوتن لەلایەن لیژنەیەکی ئاست بەرز کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کردین، یەکەم جار بۆ زانینی توانایی دەنگمان، گۆرانییان پێ گوتین، هەریەکەمان گۆرانییەکمان گوت، دوایی هاتنە سەر ئیقاع، مامۆستایەک بە دەست لە مێزەکەی بەردەمی دەدا، دەیگوت ئەو ئیقاعەم بۆ لاسایی بکەرەوە، ئێمەش وەک ئەو لێمان دەدایەوە، دەیگوت تەواوە و بڕۆ.

**ڕامان:** کەی زانیتان لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرگیران؟

**زاهیر محەمەد:** هەر ئەو کاتە بە من و ئەنوەر تاهیریان گوت ئێوە لە تاقیکردنەوە دەرچوون، دواتر ناوەکانمان لە ئێزگە و ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوە، هەر لەوێ دەمودەست پێمانیان گوت ئێوە وەرگیران، چونکە پاشخانێکی مۆسیقاییمان هەبوو.